چەند کارێکی گرنگ لە ویندۆزی ئێکس پیدا 2

مۆبیتێل لە چاوپێکەوتنێکدا 3



فێربونی ئەکسڵ هەنگاو بە هەنگاو 4

چۆن ئیمەیڵ دروست دەکەیت؟ 7

www.c4kurd.com

# سی فۆر کورد

C4kurd
A weekly Publication on Information Technology

No. (5) First Year
Tuesday Nov. 20 2007

(٨) لاپەڕەیە
نرخی (٥٠٠) دینارە

www.c4kurd.com

سایتی سی فۆر کورد هەمیشە پێشەنگە بۆ بابەتی زانستی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت. بەسەردانکردنی سودمەند دەبیت لە:
وانەی فێربون، بەرنامەی تازە ، فێربونی فۆتۆشۆپ، هەواڵی نوێ، ئەنتی ڤایرۆسی بەهێز، فێربونی دروستکردنی سایتی ئینتەرنێت...

هەفتەنامەیەکی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان — بەشێوەیەکی کاتی دوو هەفتە جارێک دەردەچێت

ژمارە (5) ساڵی یەکەم سێ شەممە 20-11-2007

# بەرنامەیەک بۆ هێنانەوەی فایلەکانت لەناو فلاش میمۆریەکەت دوای تێکچونی

لاپەڕە ٢

## نەتەوە یەکگرتوەکان و گۆگڵ سایتێکی تایبەت بە نەهێشتنی هەژاری دەکەنەوە

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەگەڵ گۆگڵ و کۆمپانیای سیسکۆ بۆ دروستکردنی ئامێری تایبەت بە نێتۆرکینگ، هەستاون بە دروستکردنی سایتێك بەناونیشانی ئامرازەکانی چاودێری و ئامانجەکانی گەشەکردنی هەزارەم بۆ نەهێشتنی هەژاری.



بۆ ئەم مەبەستە لە بەرنامەی گۆگڵ ئێرسیشدا شوێنی تایبەت تەرخان کراوە بۆ زانیاری لەسەر ئەو بنکانەی کە کراونەتەوەو بۆ ئەم کارە یارمەتی دەرن بۆ هەژاران. جگە لەوەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بان کی مۆن ئەم پرۆژەیەی بە چارەنوس ساز لەقەڵمدا کە ئەو کەسانەی دەیانەوێت یارمەتی هەژاران بدەن ئەوە بەهۆی ئەم کارەی گۆگڵەوە بە ئاسانی زانیاریان دەست دەکەوێت، چونکە هەتا ئێستا زیاتر لە یەك ملیار کەس لە جیهاندا مانگانەی ژیانیان کەمتر لە یەك دۆلارە. لەلایەکی ترەوە مایکڵ جۆنز کە پسپۆری تەکنەلۆژیایە لە گۆگڵ ئێرسدا رایگەیاند: ئەم سایتەی کراوەتەوەو ئەو کارەی لە گۆگڵ ئێرس کراوە یارمەتی دەری سەرەکی بەرنامەی هەزارەمە کە تا ساڵی 2015 بەردەوام دەبێت و ئامانجی ئەوەیە تا ئەو بەروارە نیوەی ڕێژەی هەژاری لە جیهاندا بنەبڕ بکرێت. ئەمەش لینکی سایتەکەیە
www.mdgmonitor.org

## هاردێکی 320 گێگا بایت بۆ لاپتۆپ

کۆمپانیای وێسترن دیجیتالی پسپۆر لە بەرهەمهێنانی هاردی کۆمپیوتەر رایگەیاند کە هاردێکی بە قەبارەی 320 گێگابایت بەرهەمهێناوە بۆ کۆمپانیاکانی بواری دروستکردنی لاپتۆپ بە خێرایی 5400 خول لە یەك دەقیقەیەکدا.

جێی ئاماژە پێکردنە ئەمە لە کاتێکدا دێت کە بەکارهێنەرانی لاپتۆپ زیاتر داوای هاردی قەبارە گەورە دەکەن لەبەر گەورەیی فایلەکان و زۆری وێنەو فایلە دەنگ و ڕەنگییەکان (ڤیدیۆ).

ئەوەی ماوە بیڵێین ئەم مۆدێلی هاردە لە زنجیرەی هاردەکانی (سکۆربیۆ)یە کە کۆمپانیای ناوبراو لەم ماوانەی پێشوو هاردێکی تری بە قەبارە 250 گێگابایتی بەرهەمهێنابوو لەهەمان زنجیرەی بەرهەمەکانی.

## پیرترین کەس کە خاوەنی سایتی خۆی بێت



ڕەنگە کاتێك باسی سایتی ئینتەرنێت دەکەین زیاتر گەنجانمان بێتە پێش چاو کە حەزیان لەو بوارەیە، و کەمتر بیرمان بۆ کەسی بە تەمەن بروات. ماریا ئەمیلیا لویز کە پیرەژنێکی ئیسپانیەو تەمەنی ٩٥ ساڵە خاوەنی سایتێکی تایبەت بە خۆیەتی و بوە پیرترین کەس کە خاوەنی سایتی خۆی بێت. بەوەش زیاتر ناوبانگی دەرکرد کە لە تەمەنی ٩٥ ساڵیەوە بیری لەوە کردۆتەوە کە سایتی تایبەتی خۆی هەبێت. ئەم سایتە کوڕەزایەکی بۆی دروستکردوەو کردویەتی بە دیاری ڕۆژی لە دایك بونی کە بوەتە ٩٥ ساڵ و ماریاش دەستی کردوە بە نوسینی بابەت لەناو سایتەکەیدا نوسینی یاداشتەکانی.

## بۆ ئەوانەی کە جگەرە کێشن: چەرخێکی ئەلیکترۆنی شەحن دەبێتەوە و وەکو فلاشیش بەکاردێت

هەموو کۆمپانیاکانی تایبەت بە دروستکردنی ئامێری ئەلیکترۆنی هەوڵی بچوك کردنەوەو کۆکردنەوەی زۆرترین شت لەیەك ئامێردا دەدەن.

بۆ ئەم مەبەستە داهێنانێکی تازە کراوە بۆ دروستکردنی چەرخێك کە




بە یو ئێس بی شەحن دەبێتەوەو وەکو چەرخ دەتوانیت بەکاری بهێنیت، بەو واتایە کە خۆ دورخستنەوەیەك بێت لە بەکارهێنانی غاز یاخود بەردی چەرخ، جگە لەوەی وەکو فلاش میمۆریش دەتوانیت بەکاری بهێنیت و فایلەکانی خۆتی تێدا سەیڤ بکەیت بەڵام تا ئێستا نەزانراوە قەبارەکەی چەند دەبێت.

هەر کاتێکیش ویستت چەرخەکە شەحن بکەیتەوە ئەوا بە هۆی یو ئێس بیەکەوە لە کۆمپیوتەری دەبەستیت و بۆت شەحن دەبێتەوە. بیرۆکەی ئەم کارەشیان لە چەرخی سەیارەوە وەرگرتوە کە بە هۆی پاتری سەیارەکەوە دەتوانیت چەرخەکە کار پێ بکەیت.

## مۆبایلێکی سامسۆنگ کە کامێراکەی 5 مێگا پیکسڵە



کۆمپانیای بەناوبانگی سامسونگ مۆبایلی جۆری G800ی دروستکرد کە لە پێشانگایەك لە پایتەختی بەریتانیا پیشانی دا، ئەم مۆبایلە کامێراکەی 5 مێگا پیکسڵەو لە نەوەی سێهەمەو سەپۆرتی یو ئێس بی دەکات و بلوتوسی تێدایە. هەروەها تەلەفزیۆنیش وەردەگرێت واتە لە جۆری Mobile TV services.

جگە لەوەی کۆمپانیا بڕیاریدا لە سەرەتای ئەم مانگەوە بیخاتە بازارەوەو چاوەڕێ دەکرێت زۆر بکڕدرێت و زوو بلاو بێتەوە.

## (چوکلێت) بە دیاری لە HP ەوە بۆ ئافرەتان

کۆمپانیای HP هەستا بە دروستکردنی لاپتۆپێکی جۆری پاڤیلیۆن دی 2600 تایبەت بە ژنان، تاکو ئەوانیش زیاتر حەز بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بە گشتی و لاپتۆپ بە تایبەتی بکەن.

بۆ ئەم مەبەستەش لاپتۆپێکی دروستکردوە بە ناوی (چوکلێت) و زۆر وردەکای تێداکردوە تاکو سەرنجی ژنان و ئافرەتان رابکێشێت.



لەگەڵ ئەوەی روکارەکەی بۆ ئافرەتان گونجاوەو ڕەنگی سەرنجراکێشیان بەکارهێناوە لەگەڵ ئەوەش باشترین خێرایی و تایبەتمەندیان تێدا کردوە. رامەکەی 2 گێگایەو هاردەکەی 250 گێگایەو شاشەکەی 14 ینجە. لەگەڵ ئەوەی ویندۆزی ڤیستای لەسەرە وێب کامی پێوەیەو بە بێ داگیرسانی لاپتۆپەکە دەتوانی ڤیدیۆ لێ بدەیت و لە دوورەوە بە کۆنترۆڵ ئاراستەی بکەیت. ماوسەکەشی لە شێوەی چوکلێتە بۆ ئەوەی کە بیخەنە ناو جانتاکەیانەوە هەست نەکەن ئەوە ماوسە. ئەوەی ماوە بڵێین نرخی ئەم لاپتۆپە ئێستا 1500 دۆلارە.

## پرۆژەیەک بۆ دروستکردنی لاپتۆپی منداڵان بەناونیشانی: هەر منداڵەو لاپتۆپێک

(دەزگای هەر منداڵەو لاپتۆپێك OLPC)کە لەلایەن پرۆفیسۆر نیکۆلاس نیگرۆپۆنتی، پرۆفیسۆر لە پەیمانگای ماساسۆشیتس بۆ تەکنۆلۆژیا دامەزراوە. ئامانجی ئەم دەزگایە گەیاندنی لاپتۆپە بە نزیکەی دوو ملیار منداڵ لەو وڵاتانانەی کە منداڵەکان تێیاندا لە خوێندن بێ بەش بوون.. ئەم لاپتۆپانە بە نرخێکی زۆر هەرزان خراوەتە بازاڕو نرخەکەی ٢٠٠ دۆلارە، هەرچەندە لە سەرەتای پرۆژەکە بڕیار بوو بە ١٠٠ دۆلار بفرۆشرێت. ڕەنگی ئەم لاپتۆپە سەوزو سپییەو لە پلاستیکێکی بریقەدار دروست کراوە کە بۆ منداڵ سەرنج راکێشەو لە شێوەی یاری منداڵان دەچێت، کۆمەڵێك تایبەتمەندی تێدایە کە لە لاپتۆپی ئاساییدا نییە، وەکو بەرگری ئاو و شلەمەنییەکان، بەرگری بەربوونەوە، پانکەی تێدا نییە بۆ ساردکردنەوە کە ئەمەش وای کردووە لەکاتی کارکردنی زۆر هێمن و بێ دەنگ بێت، کێشەکەی کەمترە لە (١,٥) کیلۆگرام، پاتریەکەی بەشی زیاتر لە ٦ کاتژمێر دەکات چونکە تەنها بە ٢ وات کاردەکات، بوونی چەند خانەیەکی وزەی خۆر کە یارمەتی بەکارخستنی لاپتۆپەکە دەدات، کامێرا و مایکرۆفۆن لەناوخۆیەتی، شوێنی کارتی میمۆری هەیە، کیبۆردێکی تایبەت بۆ منداڵ کە هەندێك کلیلی تایبەتە بە یاری، و شاشەکەی دەتوانرێت بە هەموو لایەکدا بسوڕێت،



بوونی تۆڕی بێ تەل و بەتەنها یەك کلیك دەتوانرێت لەگەڵ لاپتۆپەکانی تر ئاڵوگۆڕی فایلەکان بکرێت.

ئەم لاپتۆپە ناونراوە XO ، و هیچ سیستەمێکی بەگەڕخستنی لەسەر نییە، تەنها چەند پرۆگرامێکی لەسەرە وەکو پرۆگرامی چارەسەری وشەکان کە وەکو پرۆگرامی مایکرۆسۆفت ۆردە بە شێوەیەکی سادە، پرۆگرامی کردنەوەی سایتەکانی ئینتەرنێت و کردنەوەی فایلەکانی pdf، پرۆگرامی لێدانی مۆسیقاو دەستکاری وێنەو چەند یارییەك.

## کورترین ناونیشانی سایت لە جیهاندا

ناونیشانی سایت تاکو کورت تر بێت ئەوەندە ئاسانترە بۆ لەبەرکردن و لەبیر نەچون. بەو واتایە یەکێك لە سەرکەوتنەکانی سایتەکەت و بڵاوبونەوەی بە شێوەیەکی فراوان کورتی ناونیشانی سایتەکەتە.

بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیا گەورەکان هەوڵی بەدەست هێنانی ناونیشانی کورت دەدەن بۆیە گۆگڵ بچوکترین ناونیشانی هەڵبژاردوە بۆ سایتەکەی کە تایبەتە بە زمانی (چین)ی. بەمەش بوو بە بچوکترین ناونیشانی سایت لە جیهاندا. سایتەکەش تەنها لە سێ پیت پێك دێت کە ئەمەی خوارەوەیە g.cn کە g کورتکراوەی وشەی گۆگڵەو cn تایبەتە بە وڵاتی چین، هەروەکو چۆن عێراق خاوەنی iq و تورکیا tr ە و بەو شێوەیە. بەڵام کاتێك ئەو لینکە لێ دەدەیت دەتباتە ناو سایتە ئەسڵیەکەی گۆگڵ کە تایبەتە بە وڵاتی چین www.google.cn

http://g.cn

www.c4kurd.com

# كـــاتێك ئیمەیڵ دەنێرین، چـــۆن كارەكان دەكات و چۆن دەگاتە شوێنی مەبەست؟



هێمن فـاتیـــح

■ ڕۆژانـە زۆربەمان بەلایەنی كەمەوە ئیمەیڵێك دەنێرین یان وەری دەگرین، بەشێوەیەك زۆربەی كارەكانمان بەهۆی ئیمەیڵەوە دەكەین و زۆركاری ڕۆژانەی بۆ ئاسان كردوین. بەڵام ئەگەر سەیر بكەین ئیمەیڵ ناردنەكەمان چۆن كاردەكات لەگەڵ كلیك كردن لەسەر ناردن چەند بە شێوەیەكی سەرسوڕهێنەر دەگاتە ئەو كەسەی كە دەمانەوێت ئەوا پێویستی بە هەڵوەستەیەكە لە بەرامبەریدا.

سەرەتا با بزانین ئیمەیڵ چۆن دەنوسرێت و چەند جۆر ئیمەیڵمان هەیە. زۆربەمان شێوەی نوسینی ئیمەیڵ دەزانین كە بەم شێوەیەی خوارەوەیە

hemnf@yahoo.com لێرەدا hemnf پێی دەوترێت ناوی ئیمەیڵەكە یاخود نازناوەكەت بۆ ئەو ئیمەیڵە، @ بە مانای (لە) بەكاردێت، بۆ نمونە ئەگەر بە ئینگلیزی بڵێیت من لەماڵەوەم ئەوە دەڵێیت at home واتە من لە ماڵەوەم ئەوە @ ش كورتكراوەی at ە. وشەی Yahoo.com یش مەبەست لەو سایتە یان كۆمپانیا یان سێرڤەرەیە كە ئیمەیڵەكەت لێ وەرگرتوە واتە hemnf ئیمەیڵی وەرگرتوە لە سایتی یاهوو.

وەكو لە ژمارەی پێشوی سی فۆر كورد باسمان كرد دوو جۆر ئیمەیڵمان هەیە ئیمەیڵی بە پارەو ئیمەیڵی بە خۆڕایی، دەتوانی ژمارەی پێشوت دەست بكەوێت بە درێژی باسمان لێوە كردوە.

بەڵام ئەوەی گرنگە لەلامان ئەوەیە كە ئیمەیڵ چۆن كاردەكات. بۆ نمونە من دەمەوێت ئیمەیڵێك بە ناونیشانی saman@yahoo.com بنێرم كە من لە هەولێرم بۆ كەسێك بەناوی ئاسۆ لە ئەورووپا و لە وڵاتی بەریتانیایە كە گریمان ئیمەیڵەكەی بەم شێوەیە aso@c4kurd.com، ئەنجا ئەگەر سێرڤەری یاهوو لە ئەمریكا بێت و سێرڤەری سی فۆر كورد لە ئوستراليا بێت. ئەم وێنەیە شوێنەكانمان بۆ رون دەكاتەوە:




سەرەتا سامان لە هەولێر كلیك لەسەر ناردنی ئیمەیڵەكە دەكات ئەوا ئەو ئیمەیڵەی سامان بە هۆی سێر ڤەرێك لە كوردستانەوە دەنێردرێت بۆ مانگە دەستكردەكان و لەویشەوە دەچێتە ناو سێرڤەرێكی گەورەی یاهوو لە ئەمریكا كە پێی دەوترێت SMTP (outgoing)، لەوێ سەیڤ دەكرێت و ناونیشانی ئیمەیڵەكە دەكاتە دوو بەشەوەی ناوی ئیمەیڵەكە لەگەڵ ناوی سایتەكە، بۆ نمونە تەنها c4kurd.om ەكە بە هۆی مانگە دەستكردەكانەوە دەنێرێت بۆ سێرڤەرێكی تایبەتی تر هەر لە ئەمریكا بەڵام مەرج نیە لە هەمان ویلایەت بێت بە ناوی DNS سێرڤەر بۆ تێست كردنی ئیمەیڵی ئاسۆ كە بزانرێت ئەو سایتە هەیە یان نەء! بێگومان ئەو ئەدرێسی سایتەش دەگۆڕێت بۆ ژمارەیەكی ئای پی ئەدرێس. ئەگەر ئەو سایتە هەبوو ئەوا بە هۆی مانگە دەستكردەكانەوە جارێكی تر دەنێردرێت بۆ سێرڤەری پێشووی یاهوو و ئاگاداری دەكاتەوە كە ئەو ئیمەیڵە تەواوەو ئەو سایتە هەیە و دەتوانرێت نامەكەی بۆ بڕوات لەگەڵ ئەوەش ئیمەیڵەكەت سەیڤ دەكات.

دوای ئەوە سێرڤەری یاهوو SMTP ئیمەیڵەكە بەهۆی مانگە دەستكرد دەكانەوە دەنێرێت بۆ ئوستراليا بۆ سێرڤەری c4kurd.com و لە سێرڤەرێك بە ناوی SMTPوەری دەگیرێت و تێستی دەكات لە لای خۆی بزانێت ئیمەیڵێك هەیە بەناوی ئاسۆ لەسەر ئەو سایتە ئەگەر هەبوو ئەوا دەیخاتە ناو بۆكسی ئاسۆ و ئەوكات بە جارێكی تر



بە هۆی مانگە دەستكردەكانەوە ئاسۆ لە بەریتانیا دەتوانێت بیكاتەوە. ئەمانە دەتوانین بەم زنجیرەیە بە كورتی رونی بكەینەوە:

سامان كلیك لەسەر send دەكات لە هەولێر > مانگە دەستكردەكان > SMTP سێرڤەری یاهوو لە ئەمریكا > مانگەدەستكردەكان > DNS سێرڤەر لە ئەمریكا > مانگە دەستكردەكان > جارێكی تر SMTP ی یاهوو لە ئەمریكا > مانگە دەستكردەكان > SMTP ی سی فۆر كورد لە ئوستراليا > مانگە دەستكردەكان > كۆمپیوتەری ئاسۆ لە بەریتانیا

بەم شێوەیە ئیمەیڵەكانمان دەنێردرێن و ئەو هەموو شوێنە دەكات لەوەش گرنگتر ئەگەر سەیر بكەین كاتی تێ چونی ئیمەیڵێك لەكاتی ناردندا تەنها یەك چركەیە و بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر لە وڵاتان مانگەدەستكردەكان و بۆشاییدا بە خێراییەكی زۆر دەگوازرێتەوە بۆ بەرامبەر.

# چەنـــد كارێكـــی گـرنـگ لـــــە windows xp

كامەران خۆشناو

kameran7605@yahoo.com

1. **ناونانی چەندین فایل بەیەك كردار:**



ئەگەر چەند فایلێكت هەبوو ویستت ناویان بگۆڕیت بە خێرایی و بەیەك كردار، ئەوا ئەم ڕێگایە بگرە بەر، هەڵسە بەدیاریكردنی هەموو ئەو فایلانەی كە دەتەوێ ناویان بگۆڕی، پاشان كلیكی ڕاستەی ماوس لەسەر یەكەم فایل بكە و Rename هەڵبژێرە، دوایی هەڵسە بە نووسینی ناوە تازەكە، و ویندۆز هەڵدەسێ بە ناونانەوەی ناوەكان بە شێوەی ژمارەیی، بۆ نمونە photo1،photo2 .... (وێنەی ژمارە 1) .

2. **دەست خستنی بۆشایی زیاتر لەكاتی پیشاندانی فۆڵدەرەكان بە شێوەی بچوككراوە (Thumbnail) .**



لەكاتی پیشاندانی ناوەڕۆكی فۆڵدەرێك بە شێوەی Thumbnail ئەوا ناوی فایلەكان لە ژێر وێنەكان بەدیاردەكەون، و دەتوانین ناوی فایلەكان لابەرین، و تەنها وێنەكان بمێننەوە بە تەنها، ئەویش بەداگرتنی دوگمەی shift لەكاتی كردنەوەی فۆڵدەرەكە، یاخود لەكاتی هەڵبژاردنی شێوەی بچوككراوە (وێنەی ژمارە 2).

3. **لابردنی فایلی Thumbs.db ی تایبەت بە شێوەی Thumbnail .**



كاتێك بۆ پیشاندانی ناوەڕۆكی فۆڵدەرێك ئێمە شێوەی Thumbnail هەڵدەبژێرین، ئەوا سیستەمی ویندۆز هەڵدەسێ بە دروست كردنی فایلێك بە نێوی Thumbs.db، كە پێك دێت لەچەند زانیارییەك دەربارەی ئەو فۆڵدەرە، بۆ خێراكردنی شێوەی بچوككراوە لەكاتەكانی تر كە فۆڵدەرەكە دەكرێتەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ وا لە ویندۆز بكەین كەئەم فایلە دروست نەكات لەسەر ئامێرەكەمان ئەوا ئەم ڕێگایە دەگرینەبەر، هەڵدەسین بە كردنەوەی my computer و لە لیستی tools دا بەشی folder option هەڵدەبژێرین، و بەشی view دیاری دەكەین و خانەی Do not cache Thumbnail دیاری دەكەین وە ok دەكەین، ئێستا دەتوانین هەموو فایلەكانی Thumbs.db لابەرین لەسەر هارددیسك، و چیتر ویندۆز ئەم فایلە دروست ناكاتەوە وەكو لە (وێنەی ژمارە 3) ڕوونكراوەتەوە .

4. **دیاری كردنی زانیاری درێژی فایلەكان.**

كاتێك ئێمە هەڵدەستین بە پیشاندانی ناوەڕۆكی فۆڵدەرێك بە شێوەی درێژە Details، دەتوانین ئەم درێژەیە دیاری بكەین بەچ شێوەیەك بێت وەكو بەپێی قەبارەیان یاخود بەپێی زانیارییەكانی ناویەوە ... هتد، دەتوانین ئەم كارە بكەین بەم هەنگاوە لە لیستی view دەچینە سەر chose Details، و یەك لە شێوەكان هەڵدەبژێرین (وێنەی ژمارە 4) .




5. **ئایا حاڵەتی مت بوون Hibernate لە ویندۆزی XP لەكوێیە ؟**

لە چوارگۆشەی گفتوگۆی تایبەت بە كوژانەوەی كۆمپیوتەر لە ویندۆز xp سێ دوگمەمان بۆ بەدیاردەكەوێت، ئەمانیش حاڵەتی ئامادەبوون standby و حاڵەتی كوژانەوە Turn off و حاڵەتی دوبارە پێكردنەوە Restart، و دوگمەی مت بوون



دیار نییە، وە بۆ بەدیارخستنی دوگمەی shift دادەگرین لەكاتی هاتنی چوارگۆشەی هەڵبژاردنی حاڵەتەكانی كوژانەوەو پێكردنەوەی كۆمپیوتەر (وێنەی ژمارە 5).

# بەرنامەیەك بۆ هێنانەوەی زانیاریەكانت دوای تێك چونی فلاش میمۆریەكەت

■ زۆرێكمان فلاش میمۆری بەكاردەهێنین و زۆر جاریش زانیاری زۆر پێویستمان لە ناویدا و سەیر دەكەین فلاشەكەمان تێكچوە، یاخود كاتێك دەمانەوێت فلاشەكە بكەینەوە دەڵێت دەبێت فلاشەكە فۆرمات بكەیت. جگە لەم كێشەیە زۆر كێشەی ترمان هەیە تەنها لە فلاشەكەمانەوە نیە بەڵكو زۆرجار كاتێك هاردێكی دەرەكیمان هەیە یاخود هەمان هاردی ناو كۆمپیوتەرەكەمان ناخوێندرێتەوە.



ئەوانەهەمویان كێشەی گەورەی بەكارهێنەرانی كۆمپیوتەرەو زۆرجاریش فەوتان و لەناوچونی ئەو داتاو زانیاریانە كارەساتی گەورەمان بۆ دروست دەكات.

بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەیەكی زۆر باش و بەسودو بچوك هەیە كە هەموو داتاو زانیاریەكانمان بۆ دەهێنێتەوەو بە شێوەیەكی زۆر باش لە فەوتان رزگاریان دەكات.

بەرنامەی GetDataBack V3.03 بەرنامەیەكە قەبارەكەی نزیكەی 3 مێگایەو دەتوانێت هەموو ئەو فایلانەت بۆ بهێنێتەوە كاتێك هاردەكەت یان فلاشەكەت لەكار كەوتوە. دوو بەشی هەیە یەكێكیان بۆ ئەو هاردەی كە سیستەمەكەی NTFS و یەكێكی تر بۆ ئەو هاردانەی سیستەمەكەی FAT ە.

ئەوەی هەستی پێ ئەكرێت لەم بەرنامەیە ئەوەیە كە كاتێك فایلەكانت بۆ دەهێنێتەوە هەمووی وەكو خۆی لە ناو فۆڵدەری خۆیان دەردەخات.

بۆ دابەزاندن و بە دەستخستنی ئەم بەرنامەیە سەردانی ئەم لینكەی خوارەوە بكە:

www.c4kurd.com/hawal/index.php?Lapara=20

# بەرنامەیەك بۆ سەیڤكردنی فلاش لە ئینتەرنێتەوە

■ زۆرجار ئێمە لەناو سایتێك فلاشێكی زۆر جوان دەبینین و حەزمان لێیە چۆن وێنە سەیڤ دەكەینە ناو كۆمپیوتەرەكەمان، بە هەمان شێوە فلاشەكەش سەیڤ بكەینە ناو كۆمپیوتەرەكەمان. بەڵام كە هەوڵی ئەو كارە دەدەین سەیر دەكەین ناتوانین و هیچ ڕێگەیەكی باشمان لە بەردەست نیە بۆ سەیڤكردنی فلاشەكە بۆ ناو كۆمپیوتەرەكەمان.

لێرەدا ئێمە ئاماژە بۆ بەرنامەیەكی زۆر باش قەبارە بچوك دەكەین كە كاری سەیڤكردنی فلاشت بۆ دەكات لە هەر سایتێك ئەگەر ویستت.

ئەم كارەشت زۆر بە ئاسانی بۆ دەكات. سەرەتا بەرنامەكە لەم لینكەی خوارەوە دابگرە:

www.c4kurd.com/pro/sf.zip

بەرنامەكە قەبارەكەی تەنها 586 كیلۆ بایتەو كەچی كارێكی زۆر گەورەت بۆ دەكات هەر فلاشێكت ویست بۆت سەیڤ دەكات.

دوای داونلۆدو سێت ئەپ كردنی بەرنامەكە ئینتەرنێت ئێكسپلۆرەر بكەرەوەو بچۆرە سەر View دوای ئەوە كلیك بكەرە سەر یەكەم بەش بەناوی Toolbars و دوای ئەوە چەند بەشێكی تر دەكرێتەوەو لەوانە سەیر دەكەیت save flash زیاد بوە و كلیكی لەسەر بكە تاكو ئەكتیڤ بێت و لەسەر ئینتەرنێت ئێكسپلۆرەرەكەت دەربكەوێت. وەكو لەو وێنەیەی ئەو بەر ڕوونكراوەتەوە



دوای ئەوەی كە بەم شێوەیەی سەرەوەی لێهات ئەوە بەرنامەكە ئەكتیڤە و كە هەر سایتێك بكەیتەوەو فلاشی تێدا دانرابێت ئەوە لەسەر فلاشەكە كلیك بكە

ئەم وێنەیەیەت بۆ دەردەچێت:



ئەوە فایلە فلاشەكەت زۆر بە ئاسانی بۆ سەیڤ دەكات، دەبێت بەرنامە كراك بكەیت بۆ ئەوەی بۆت سەیڤ بكات بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی سی فۆر كوردەوە بكە.

# دانا ئەحمەد: مۆبیتێل، لە خزمەتگوزاری نامەی هەمەجۆر MMS دەتوانی وێنە و کورتە فلیم و تۆن بنێریت تا قەبارەی 300 کیلۆبایت.

■ مۆبیتێل بەیەکەم کۆمپانیای تایبەت بە سیستەمی نەوەی سێهەم (3G) دادەنرێت لە کوردستان و عێراقدا، هەر بۆ ئەم مەبەستە پێمان خۆش بوو لە نزیکەوە چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵدا بکەین و خوێنەرانی ئازیزی هەفتەنامەی سی فۆر کورد لە شێوەی کارکردنی ئەم سیستەمەو چۆنیەتی خزمەتگوزاریەکانیان لە نزیکەوە ئاگاداربکەینەوە. هەر بەم بۆنەیەوە سەردانی بەرێز کاك (دانا ئەحمەد) مان کرد کە بەرپرسی راگەیاندنی کۆمپانیای ناوبراوەو لە نزیکەوە ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستە کرد:

سازدانی: سی فۆر کورد

**+ سەرەتا پێناسەکی کورتی مۆبیتێل مان بۆ بکە و سەرەتای هاتنی بۆ کوردستان بۆ کەی دەگەرێتەوە؟**

- مۆبیتێل بە نوێترین کۆمپانیای پەیوەندی عێراقی دادەنرێت. کە بە رێگای سیستەمی نەوەی سێیەم کار دەکات. هەروەها بە گەورەترین وەبەرهێنان دادەنرێت لە بواری گەیاندن لە ناوچەکەدا. ئەمەش بە هێنانی نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ هەرێمی کوردستان و کە ئەمەش دەبێتە هۆیەك بۆ پێشکەکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرکەوتووەکان بە شێواز و بنەمای جیهانی. ئێمە مۆڵەتی فەرمیمان لە ساڵی 2005 لە لایەن وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێدراوە و لە کۆتایی شوباتی 2007 دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی هێڵەکانمان بەسەر هاوڵاتیاندا.

**+ جۆری خزمەتگوزاری ئێوە بە 3G جیا دەکرێتەوە ، مەبەستتان لە 3G چیە؟**

- بەڵێ یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی 3G خێراییە لە گواستنەوەی داتاو زانیارییەکان، کە ئەمەش رێگە خۆشکەرە بۆ پێشکەش کردنی گەلێك خزمەتگوزاری نایاب بە ئاستێکی بەرز و کوالیتیەکی باش هەر لە پەیوەندی دەنگییەوە بگرە تا نایابترینیان کە ئەویش پەیوەندی دەنگ و رەنگە.

**+ تا ئێستا لەچەند شوێن کار دەکەن و بیر لەوە نەکراوەتەوە لە سلێمانیش دەست بەکار بکەن خزمەتگوزاریتان بگاتە ئەو ناوچەیە؟**

- سەبارەت بەو شوێنانەی کە تۆڕی مۆبیتێل دایان دەپۆشێت، شاری هەولێر و دەوروبەری. هەروەها شاری دهۆك و ئاکرێ و زاخۆ و شەقلاوە و گەلێ شوێنی تر.

سەبارەت بە شاری سلێمانی و ناوچەکانی تر، لە پلانمان دا هەیە و کاری جدیمان بۆی کردووە. ئینشاالله لە داهاتوویەکی نزیکدا تۆڕەکانی مۆبیتێل دەگاتە ئەم شوێنانەش.

**+ هەندێك کەس گلەیی لە زۆر بەهێز نەبونی شەبەکەی مۆبیتێل دەکەن لە ناو هەولێر ئایا ئەو کێشەیە دەگەرێننەوە بۆچی؟**

- بەڵی، هەموو کۆمپانیایەکی گەیاندن لە سەرەتادا کە دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی هێڵەکان هەندێ گرفتی دەبێت . ئێمەش ناڵێین کە هیچ گرفتێکمان نەبووە، راستە لە چەند شوێنێکی شاری هەولێر لاوازی تۆڕ هەبووە، بەڵام بەم شێوەیە نەبووە و ئێمە هەر لە سەرەتاوە کارمان بۆ ئەوە کردووە و گەلێ تاوەر لە زۆر ناوچەی جیاجیا دانراون و هەمیشە لە زیادبوونە. پێموایە ئێستاکە ئەم گرفتە نەماوە.

**+ چەند خزمەتگوزاری هەیە لە مۆبیتێل کە جیای دەکاتەوە لە کۆمپانیا کانی تر؟ و 3 جی چەند خزمەتگوزاری تێدایە و ئێوە چەندتان ئەکتیف کردوە؟**





- من وەك لە سەرەتادا باسم لەوە کرد، یەکێك لە تایبەتمەندییەکان ئەم سیستەمە: خێرایە لە گواستنەوەی زانیارییەکان. و یەکێك لە خزمەتگوزاریە بەرچاوەکانی (پەیوەندی دەنگ و رەنگ) و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری مۆبی نێت (ئینتەرنێت) بە ئاستێکی زۆر بەرز و بە خێراییەکی ئێجگار زۆر پێشکەش دەکەین. و خزمەتگوزاری (Me2U) . و خزمەتگوزاری نامەی هەمەجۆر MMS لە رێگای ئەم خزمەتەوە دەتوانی وێنە و کورتە فلیم و تۆن بنێریت تا قەبارەی 300 کیلۆبایت رێگە پێدراوە. کە ئەمەش یەکەمین جارە بەم شێوەیە پێشکەش دەکرێت لە لایەن نرخ و قەبارەوە.

**+ یەکێك لە جیاوازیەکانی ئێوە نرخی قسەکردن بە چرکەیە، دەتوانی ئەوەمان بۆ روون بکەیتەوە؟**

- ئەمەیان پرسیارێکی زۆر گرنگە، مۆبیتێل بۆ یەکەم جار لە عێراق دا بڕی تێچوونی پەیوەندی لەسەر بنەمای چرکە دەژمێرێت. بۆ نموونە پەیوەندی دەنگی بۆ هەر (15) چرکەیەك تەنها یەك سەنت دەبێت و بۆ پەیوەندی دەنگ و رەنگ بۆ هەر (12) چرکە تەنها یەك سەنت . واتە چیتر بەشداربووان لە بڕی چرکەیەك پارەی خولەکێك نادەن. و لە هەمان کاتدا بۆ پەیوەندی دەنگی بۆ دەرەوەی وڵاتیش بە هەمان شێوە دەبێت بەڵام بە نرخێکی جیاوازتر.

**+ نرخی قسە کردن لەنێوان ئێوە و ئاسیا و کۆرەك چەندە؟ جگە لەوەی نرخی هەر جۆرێك لە خزمەتگوزاریەکانی ترتان وەکو MMS و SMS و ..هتد چۆنە؟**

- نرخی قسە کردن لە نێوان بەشداربووانی مۆبیتێل دا: بۆ پەیوەندی دەنگی (4) سەنت بۆ خوولەکی دووەم و زیاتر وە بۆ خولەکی یەکەم تەنها (5) سەنت دەبێت. بۆ پەیوەندی دەنگ و رەنگ (5) سەنت بۆ خوولەکی دووەم و زیاتر و بۆ خوولەکی یەکەم (6) سەنت دەبێت. و پەیوەندی دەنگی بۆ کۆمپانیاکانی تری گەیاندن، بۆ نموونە بۆ بەشداربووانی کۆرەك تیلیکۆم (7) سەنتە و بۆ بەشداربووانی ئاسیاسێل تەنها (8) سەنتە. بۆ هێڵەکانی تریش وەك (ئاریافۆن و نۆرماڵ و میدیاتیلیکۆم و ئەوانی تریش) تەنها (6)سەنت. و شتێکی تریش زۆر گرنگە بۆ بەشداربووان نرخی پەیوەندییەکان لە کاتژمێر (12)ـی شەو تا (7)ی بەیانی دەبێت بە نیوە. و نرخی هەر نامەیەکی هەمەجۆر(MMS) تەنها (5) سەنتە. و کورتەنامە (SMS) تەنها (1) سەنتە.

**+ شێوەی کارکردنی دەنگ و رەنگ تا چەندێك کار دەکات لە مۆبیتێل و سەرکەوتوە؟**

- سەبارەت بە خزمەتگوزاری پەیوەندی دەنگ و رەنگ بێگومان زۆر سەرکەوتووە و هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ ئەوەی کە کۆمپانیا جیهانیەکانی تر کە لەسەر سیستەمی نەوەی سێیەم کار دەکەن و پێشکەشی دەکەن و ئەم خزمەتە زۆر سوودمەندە بۆ ئەو کەسانەی کە (کەڕو لاڵن) چونکە ئەوان دەتوانن بە زمانی هێما لەگەڵ یەکتر بدوێن . و ماوەیەکە جۆرە کامیرایەکمان هێناوە کە سیم کارتی مۆبیتێل ی لە سەر دادەنێت و دەتوانیت لە رێگەی مۆبایلەکەتەوە پەیوەندی دەنگ و ڕەنگی بۆ بکەیت راستەوخۆ ئەم شوێنە ببینیت و گوێ بیستی هەرشتێك بیت کە لەم شوێنە روودەدات و ئەم کامیرایە توانای 8 کاتژمێر خەزن کردنی هەیە .

**+ ئەگەر کەسێك مۆبایلیکی ئاسایی هەبێت سەپۆرتی 3 جی نەکات دەتوانێت کار بە سیم کارتی ئێوە بکات؟**

- مەرجە ئەو مۆبایلەی کە بەشداربوو بەکاری دەهێنێت لە جۆری 3G بێت چونکە زۆربەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە مۆبیتێل پێشکەشیان دەکات، پشت دەبەستێت بە جۆری ئەو مۆبایلەی کە بەشداربوو بەکاری دەهێنێت.

**+ خۆتان دەزانن ئینتەرنێت ئێستا بەشێکی گرنگی کۆمپانیاکانی مۆبایلە، ئایا ئاستی ئینتەرنێتەکەی ئێوە چۆنە و نرخی چەندە؟**

- بەکارهێنانی خزمەتگوزاری مۆبی نێت (ئینتەرنێت) بۆ هەموو بەشداربووانە. واتە هیچ پارەیەکی پێشەکی نادەن بۆ بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزاریە. بەڵکو لەسەر سیستەمی دابەزاندنی کیلۆبایت دەبێت. بۆ نموونە هەر (50 کیلۆ بایت = 1 سەنت)ە. و سەبارەت بە خێراییەکەشی، بە خێراترین خزمەتگوزاری دادەنرێت لە ناوچەکە. بەشداربووان دەتوانن لە رێگەی مۆبایلەکەیانەوە سەردانی ماڵپەرەکان بکەن یاخود مۆبایلەکەیان وەك مۆدیم بەکاربهێنن و لەگەڵ کۆمپیوتەر بیبەستنەوە. یان داتا کارتی 3G بەکاربهێنن و خێراییەکەی بۆ GPRS WAP دەگاتە 384 کیلۆبایت لە چرکەیەکدا و HSDPA کە خێراییەکەی دەگاتە 3.6 مێگابایت لە چرکەیەکدا.

**+ مەبەستتان لەیەك کاتدا قسە کردن لەگەڵ 5 کەسدا چیە؟**

- بەڵێ ئەمە خزمەتگوزاری پەیوەندی کۆنفرانسە. لە یەك کاتدا دەتوانی قسە لەگەڵ (5) لە بەشداربووانی مۆبیتێل بکەی بێ ئەوەی پەیوەندییەکانی تر رابگریت و بە یەکەوە گفتوگۆ بکەن.

**+ کۆمپانیای ئاسیا خزمەتگوزاری فامیلی هەیە بۆ پێنج کەس، ئێوە بۆ چوار کەسەو شێوەیەکەی ئێوە چۆنە؟**

- هەر کۆمپانیایەکی گەیاندن سیاسەتەکی تایبەتی خۆی هەیە. خزمەتگوزاری (فامیلی) کە کۆمپانیای مۆبیتێل پێشکەش بە بەشداربووانی دەکات و تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە دەتوانی تا (4) ژمارە لە بەشداربووانی مۆبیتێل دەستنیشان بکەیت و بە داشکاندنی 18% لە کۆی تێچووی پەیوەندییەکە دەتوانی قسەیان لەگەڵدا بکەیت.

**+ مەبەست لە (Me2u) گواستنەوەی باڵانس چیە کە لەلای ئێوە هەیە؟**

- ئەمە تازەترین خزمەتگوزارییە کە کۆمپانیای مۆبیتێل پێشکەشی دەکات و پێ ی دەگوترێت (Me2U) . بەشداربووان دەتوانن لە رێگەی ئەم خزمەتەوە بەشێك لە باڵانسەکەیان بە خۆڕایی بگوازنەوە بۆ ژمارەیەکی تری مۆبیتێل. جێی ئاماژە پێ دانە کە ئەم خزمەتە بۆ یەکەم جارە لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکرێت. شێوازی بەکارهێنانی ئەم خزمەتە بەم جۆرەیە

*3428*$*076050XXXXX # ok

## ئینسایکلۆپیدیایەکی ئەلیکترۆنی کوردستانی .. پێویستییەکی هەنووکەیی

بەڕێوەبەری نووسین

■ هەر نەتەوەو میللەتێك لە سەر ئەم رووی زەمینە مێژوو و کەلتورو فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆی هەیە، و بەردەوام لە هەوڵی پاراستن و بڵاوکردنەوەی ئەم کەلتورو فەرهەنگەی خۆیەتی بە مەبەستی ناساندنی خۆی بە نەتەوەو میللەتانی دی بە چەندین رێگاو هۆکاری جیاجیا.. یەکێك لەو هۆکارانە دروست کردنی ئینساکلۆپیدیایەکی تایبەتە بە نەتەوەکەی خۆی جا ئەوەی لێرەدا من مەبەستمە کە باسی لێوە بکەم ئینسایکلۆپیدیایەکی ئەلیکترۆنییە، واتا لە رێگەی سایتی ئینتەرنێتەوە..

وەکو لای هەموومان روونە کە ئێستاکە زانیارییەکان زۆر بە خێرایی دەگوازرێنەوەو ئاڵوگۆڕدەکرێن بە چاو نوقانێك کۆمەڵێکی زۆر زانیاری لە رێگەی کێبڵی رووناکی لە ژێر قوڵایی دەریاکان و لەسەر پشتی لەرەلەرەکانی شەپۆڵی مانگە دەستکردەکان لەم سەری دونیا دەگوازرێتەوە بۆ ئەو سەری دونیا. تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لەمڕۆدا زۆر پێشکەوتووە، یەکێك لە یەکە سەرەکیەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە ئینتەرنێتە. جا ئێمەی کورد پێویستە زۆرترین سوود لەم تەکنەلۆژیایە وەربگرین و لە خزمەتی نەتەوەو گەل و دۆزەکەمان فەراهەمی بکەین.

کاتێك کەسێك لە دەرەوەی کوردستان بیەوێت زانیاری دەربارەی کوردستان وەربگرێت لە رووی باری ئەمن و ئاسایش، باری کەش و هەوای، شوێنی جوگرافی، سروشتی وڵاتەکە، سروشت و شێوەی ژیانی هاوڵاتیانی، شوێنە پێویستەکان وەك: فرۆکەخانە، ئوتێل، چێشتخانە، نەخۆشخانە، زانکۆکان، شوێنە گەشت و گوزارییەکان، شوێنەوارەکان، و دەیان زانیاری تر چۆن بتوانیت پێش ئەوەی بێتە کوردستان ئەم زانیاریانەی دەست بکەوێت، خۆ دیارە ئینتەرنێت باشترین و ئاسانترین و خێراترین هۆکارە بۆ دەست کەوتنی زانیارییەکان.. جا پێویستە سایتێکی تایبەت یاخود چەند سایتێکی کۆکراوە لە یەك سایتدا هەبێت کە ئەو زانیاریانە زۆر بە ئاسانی و بە چەند زمانێکی زیندووی جیهانی وەك: ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی، عەرەبی، تورکی، فارسی ... هتد، جگە لە زمانی کوردی بگەیەنێتە ئەو کەسانەی پێویستیان بەو زانیارییانە هەیە.. شایانی باسە حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی سایتی فەرمی خۆیەتی بە ناونیشانی (www.krg.org) کە زۆر زانیاری لەم بوارەی تێدایە، بەڵام هێشتا زۆر زانیاری تر پێویستە کە لەناو سایتەکەدا هەبێت بۆ ئەوەی کەسێك پێش سەردانی بۆ کوردستان بیزانێت.

یاخود کەسێك بیەوێت توێژینەوەیەك لەسەر کوردستان بنووسێت لەوانەیە ئەو کەسە بە ئاسانی نەتوانێت کتێبی تایبەتمەندی دەست بکەوێت لەسەر کورد و کوردستان بە زمانە زیندووەکانی دونیا، بۆیە پێویستە هەر لەم سایتەدا مێژووی کوردو کوردستان، جوگرافیای، سروشتی ، نەخشەی پێویست، ژیان و بەرهەمی ئەدیب و شاعیرو زاناو کەڵەپیاوانی کۆن و نوێ، ... هتد. هەموو کۆ بکرێتەوە لەم سایتەدا و ئەم سایتە ببێتە گەنجینەیەك بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت شارەزایی پەیدا بکات لەسەر کورد و کوردستان، جگە لەمە ئەم سایتە دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆر بە سوود لە هەموو بوارەکان بۆ توێژینەوەکانی قوتابیانی زانکۆ لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، و دەبێتە ئەرشیفێکی نەبڕاوە بۆ هەر کەسێك بیەوێت زانیاری دەربارەی کوردو کوردستان دەست بکەوێت.

جا لێرەوە ئەم پێشنیارە دەخەینە بەردیدی لایەنانی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەستن بە دیراسەکرنی ئەم پرۆژەیەو دانانی پلانی گونجاو بۆی، چونکە بە راستی ئەم پرۆژەیە دەبێتە گەنجینەیەکی نەبڕاوە بۆ نەوەکانی ئێستاو دوارۆژ.

## چۆن زانیاری دەربارەی سایتەکەت دەزانیت؟




■ زۆرجار پێویست دەکات کە چەند زانیاریەك هەیە دەربارەی سایتەکان بزانین، وەکو کاتی کڕینی سایتەکە (هاوبەشی کردن)، کاتی تەواوبوونی هاوبەشی بوون کە پێویست دەکات نوێ بکرێتەوە، شوێنی سێرڤەری سایتەکە یاخود هەر زانیاریەکی تر کە پێویست بێت.. بۆ ئەم مەبەست زۆر سایتی ئینتەرنێت هەن کە ئەم زانیارییانەت پێدەدات، ئەوەی کە ئێمە لێرەدا باسی دەکەین یەکێکە لەو سایتانە، ئەویش سایتی (www.whois.net) ە.

لەکاتی کردنەوەی سایتەکە ئەم رووکارەی وەك لە وێنەکەدا دیارە دەردەکەوێت. ئەو سایتەی کە دەمانەوێت زانیاری لەسەر بزانین لەو بۆشایی بەرامبەر دەستەواژەی (WHOIS Lookup) دەنووسین وەکو ئەوەی کە ئێمە نووسیومانە (c4kurd) پاشان ئێکستێنشنی سایتەکە دیاری دەکەیت (.com, ..net, .org,....) ئینجا کرتەیەك لەسەر بۆتۆنی (Go!) بکە.

پاشان ئەم رووکارەت بۆ دەردەکەوێت کە زانیاری تەواوی لەسەر سایتەکە تێدایە.

# فێربوونی بەرنامەی ئێکسل هەنگاو بەهەنگاو

## وانەی دووەم

محمد ئەبوبەکر تۆفیق mohamad11@gmail.com

■ **چۆنیەتی ڕەنگ کردنی خشتە:**

ئەگەر بمانەوێت ئەو خشتەیەی کە دروستمان کردووە ڕەنگی بکەین لێرە تەنها مەبەستمانە خشتەکە ڕەنگ بکەین نەك زیاتر ئەوا بەم شێوەیە دەتوانین ڕەنگی بکەین:




هەرلە بۆکسی Format Cell کلیك لە Color ئەو ڕەنگە هەڵ دەبژێرین کە مەبەستمانە بۆ نموونە ئەگەر ویستمان ڕەنگ دابنێین بۆ دەرەوەی خشتەکە ئەوا سەرەتا دەبێت سەلێکتی خشتەکە بکەین پاشان دەچینە سەر Color پاش ئەوەی ئەو ڕەنگەی کە مەبەستمان دیارمان کرد پاشان کلیك Outline دەکەین واتە دەرەوەی خشتەکە ئەگەر ویستمان ڕەنگی ناوەوەی خشتەکە بکەین ئەوا کلیك لەسەر Inside دەکەین و ئەگەر ویستمان ناوەوە و دەرەوەی خشتەکە ڕەنگ بکەین ئەوا کلیك لەسەر Outline & Inside دەکەین واتە ناوەوەو دەرەوەی خشتەکەمان ڕەنگ کرد. ئەگەر ویستمان تەختی خشتەکە ڕەنگ بکەین ئەوا پاش دیاری کردنی خشتەکە واتە سەلێکت کردن ئەوا هەر لە سەر بۆکسی Format Cell کلیك لەسەر Patterns دەکەین کۆمەڵێك ڕەنگ نیشان دەدات ئەو ڕەنگەی کە دیاریمان کرد تەختی خشتە کە دەگۆڕیت بەو ڕەنگەی کە مەبەستمانە لە بەشی Sample تەختی خشتەکە دیاری دەکەین پاشان کلیك لەسەر OK دەکەین بەم شێوەیە تەختی خشتەکە گۆڕا بۆ ئەو ڕەنگەی کە دیارمان کرد.




و ئەگەر ویستمان نووسینی خشتەکە ڕەنگ بکەین ئەوا بە هەمان شێوە خشتەکە دیاری دەکەین و لەسەر بۆکسی Format Cell دا کلیك لەسەر Font دەکەین ئەویش بۆکسێکمان نیشان دەدات لە بەشی Color جۆری ئەو ڕەنگە دیاری دەکەین پاشان کلیك لە سەر OK دەکەین و بەم شێوەیە دەتوانین خشتەکەو تەختی خشتەکە لەگەڵ نوسینی ناو خشتەکە ڕەنگ بکەین.




**زیادکردنی خانە لە شێوەی ستوونی و ئاسۆیی:**

ئەگەر خشتەیەکمان هەبوو وای پێویست کرد کە خانەیەك بەشێوەی ستوونی یان ئاسۆی زیاد بکەین لە خشتەکەماندا بەم شێوەیە کارەکە دەکەین:




سەرەتا کلیك لەناوخشتەکە دەکەین بەپێی پێویستی خۆت دیاری دەکەیت واتە خۆت شوێنی زیاد بوونی کۆلۆمەکە دیاری دەکەیت پاشان کلیك لەسەر Insert دەکەیت و لیستێك نیشان دەدات کلیك لەسەر Cells دەکەین ئەویش بۆکسێك نیشان دەدات پاشان ئەگەر بتەوێت کۆلوم زیاد بکەیت ئەوا کلیك لەسەر Entier column دەکەیت و ئەگەر ڕۆت(row)ت زیاد کرد ئەوا کلیك لەسەر Entier row دەکەیت پاشان OK دەکەیت. بەم شێوە دەتوانیت لە باری ئاسۆی و ستوونی زیاد بکەیت.

**چۆنیەنی دەست بەسەراگرتنی بەرزی و پانی خشتە:**

کاتێك کە ماوسەکە دەکەیتە نێوان کۆلۆمەکان و ڕۆکان لە سەرەوەی خشتەکە شێوەیەکی زائد (کۆ) وەردەگرێت ئەوا ماوەی نێوان کۆلۆمەکان گەورەو بچوك دەبێت و هەروەها ئەگەر ویستمان ماوەی نێوان ڕۆکان زیاد بکەین ئەوا بەهەمان شێوە ماوسەکە دەکەینە نێوان ڕۆکان لەسەرەوە فۆرمەکە دەگۆڕیت واتە گەورە و بچوك دەبێت بەڵام دەبێت ماوسەکە لەسەر نێوان لاکێشەکان دابنێیت ئەویش نیشانەی ماوسەکە دەگۆڕێت بۆ شێوەی (+)




**نو و سینی ناونیشان بۆ خشتەکە:**

ئەگەر ویستمان ناونیشانێك بنووسین بۆ ئەوخشتەیەی دروستمان کردوە. ئەوا بەم شێوەیە ئەو ناونیشانە دەنووسین:




سەرەتا کلیك لەدەرەوەی خشتەکە دەکەین پاشان بەو فۆنتەی کە مەبەستمانە دەنوسین و ئەگەر ویستمان ئەو وشەیە دەستکاری قەبارەکەی بکەین ئەوا ئەو وشەیە سەلێکت دەکەین پاشان کلیك لەسەر font size دەکەین بەوشێوە ئەو وشەیە گەورە دەبێت.

**لێکدانی دووخانە یان زیاتر Merge cell :**

ئەگەر ویستمان چەند خانەیەکی ناو خشتەکە بکەین بە یەك خانە ئەوا بەم شێوەیە سەلێکتی ئەو چەند خانەیە دەکەین پاشان کلیك لەسەر Format دەکەین پاشان کلیك لەسەر Cells دەکەین پاشان فۆرمێك نیشان دەدات وەك لە وێنەکەدا نیشان دراوە کلیك لەسەر Alignment




پاشان کلیك لەسەر Merge cells دەکەین پاشان کلیك لەسەر Ok دەکەین بەم شێوەیە ئەو بەشەی کە دیاریمان کردوە لەخشتەکەدا واتە سەلێکتمان کردوە دەبێت بەیەك خانە و یان پاش ئەوەی کە ئەو بەشەی کە دیاریت لەسەر شریتی ستاندەر کلیك لەسەر ئەم ئایکۆنە دەکەین ئەو بەشەی دیاریت کردوە بەهەمان شێوە دەبێت بەیەك خانە.

**گۆڕینی ئاراستەی نووسین Orientation:**

هەروەها ئەگەر ویستمان ئاراستەی نوسینەکە بگۆڕین سەرەتا سەلێکتی نوسینەکە دەکەین ئەنجا کلیك لەسەر Degrees بەو شێوەی کە مەبەستمانە دەیگۆڕین بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت ئاراستەی نووسینی ڕۆژەکانی هەفتە بگۆڕین لەناو خشتەکەی پێشوو، سەرەتا سەلێکتی ڕۆژەکانی هەفتە دەکەین پاشان دەچینە سەر Format کلیك لەسەر Cell دەکەین بۆکسێکمان




نیشان دەدات کلیك لەسەر Alignment




کلیك لەسەر Degrees دەکەیت ئاراستەی نووسینەکە دەگۆڕیت واتە بە چی گۆشەیەك بمانەوێت بەو گۆشەیە نووسراوەکە دەسووڕێت




Text alignment

ئەگەر بمانەوێت ئەو نووسینەی کە لە ناو خشتەکەدایە بکەوێتە ناوەڕاست یان لای چەپ یان ڕاست واتە تایبەت بەرێکخستنی نووسینی ناو خانەکە کە بەم شێوەیە:




سەرەتا کلیك بکە لەسەر format پاشان بۆکسێك نیشان دەدات کلیك لەسەر Alignment دەکەین ئەویش لە دوو بەشی سەرەکەی پێکهاتووە Horizontal&Vertical واتە بەشی ئاسۆی و ستوونی:

Text control واتە دەست بەسەراگرتنی نووسین کە ئەویش لە سێ بەش پێکهاتووە

- wrap text واتە بەو شێوەیە دەگونجێت کە لەگەڵ نووسینەکەدا ڕێك دەکەوێت.
- Shrink to fit واتە ئەگەر وشەیەکمان هەبوو لە ناو خانەکە جێ نەبووە ئەوا سەلێکتی خانە دەکەین پاشان کلیك لە Shrink to fit وشەکە لەخانە بچووك دەبێتەوە بەپێی خانەکە.
- Merge cells واتە یەك خستنی چەند خانەیەك لە وانەکانی پێشتر باس کراوە.

# خوێندنەوەیەك بۆ سایتە کوردیەکان

(2-2)

بریفکانی

3- شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە پێویستە خاوەن ماڵپەڕ بیخاتە سەر شانی خۆی. ڕاستە وڵاتەکەمان بەرەو پێش دەچێت لە بواری ئەندازیاری و پارك بەڵام زۆر کەس هەمیشە دەڵێ "خەڵکی ئێمە دواکەوتووە، یاسا پەیڕەو ناکات، حەز لە یاسا ناکات، خاوێنی ناپارێزێت، حەز لە ڕێزگرتن ناکات، درۆ لەگەڵ خەڵك دەکات، فێڵ لە کەلوپەل دەکات، قۆڵی خەڵك دەبڕێت، بێگانە پەرستە، هیچ ئاسەوارێکی پێشکەوتنی پێوە دیار نییە". باشە بۆ بە هەموومان هەوڵ نەدەین، بەلایەنی کەمەوە دروشمی ڕۆشنبیری و فێرکردن و ئامۆژگاریکردن بڵاو بکەینەوە لەسەر ماڵپەڕەکانمان؟ با ئێمەش وەك ئەندازیار و ڕۆشنبیر و مامۆستا ڕۆڵمان هەبێت لە بونیاتنانی ئەم گەلە، خۆ ئێمەش تاکێکین لەناو ئەم گەلە بەڵام چەند خۆشە بچیتە ناو ماڵپەڕێك ڕێنماییەکی تێدابێت وەك" برای بەڕێز، شارەکەت خۆش بوێت، چونکە شارەکەت سیمای پێشکەوتنتە" ئەوە بۆ نموونە. هەر کەس با لە تاکی خۆیەوە دەست پێ بکات، گەر تاك چاك بێت کۆمەڵیش چاك دەبێت. لەوانەیە لای زۆرێك ئەو شتە سەیر بێت بڵێت: ماڵپەڕی من ماڵپەڕی گۆرانییە یان ماڵپەڕی کۆمپیوتەرە ئەوە چۆن دەبێت شتی وای لەسەر بنووسم؟؟ منیش دەڵێم ڕاستە ماڵپەڕەکەت هیچ پەیوەندییەکی بەو ڕێنماییانە نییە بەڵام شتێکی زۆر جوان و پێشکەوتووە، بەپێچەوانەوە ڕۆڵێکی زۆر باشیشی دەبێت. بۆچی پێمان ئاسایی بێت ماڵپەڕێکی بیانی شتی وای نوسیبێت بۆچی بۆ ئێمە جوان نییە؟ بۆچی شتێکی سەیر بێت؟؟

4. گەر ماڵپەڕەکانمان چاك و ڕێك و پێك بن ئەوا دەتوانین گەنجی کورد ڕابکێشینە ناو ماڵپەڕە کوردییەکان نەك خۆی خەریك بکات بە ماڵپەڕی عەرەبی یان فارسی یان بیانی، یان خۆی خەریك بکات بە ماڵپەڕی چات و ماڵپەڕی بێ سوود و دوور لە داب و نەریت و ئاینی ئێمە، با هەوڵ بدەین شتی باش پێشکەش بکەین تا خۆیان خەریك نەکەن بە شتی بێسوود و کاتیان بە فیڕۆ نەڕوات، چونکە گەنج و منداڵی ئێستا هەمووی کەس و کاری خۆمان، براکانمان، منداڵەکانمانن. لە وڵاتی چین، حکومەت سەرژمێرییەکی کرد لەسەر ئەوانەی نێت بەکار دەهێنن لە کافێ نێتەکان، بۆی دەرکەوت کە زۆربەیان هەرزەکارن و خۆیان بە یاری




ئینتەرنێت و چات خەریك کردووە، بۆیە دەست بەکار بوو بۆ ڕێنمایی کردنی منداڵ و گەنج و هانیان دەدات کە ماڵپەڕە بێ کەڵکەکان نەکەنەوە، کاتی خۆیان بە فیڕۆ نەدەن، دەستی کردووە بە هەڵمەتێکی ئیعلامی زۆر گەورە، پارەیەکی زۆر خەیاڵی خەرج دەکات بۆ ئەوەی نەوەی نوێی لەدەست نەدات، هانی خەڵك دەدەن کە ماڵپەڕە بەسوودەکان بکەنەوە، زانیاری لە ئینتەرنێت وەربگرن، لایەنە باشەکەی وەربگرن نەوەك لایەنە خراپەکەی. با ئێمەش هەوڵ بدەین خەڵك بۆ ماڵپەڕە کوردییە باشەکان ڕابکێشین ئەوە وا دەکات کیبڕکێ لە نێوان ماڵپەڕەکان هەبێت و هەریەکە و زانیاری باشتر و دیزاینی باشتر پێشکەش بکات.

5. بۆ هەوڵ نەدەین بەلای کەمەوە دەستەیەکی دیزانی وێبمان هەبێت؟ بۆ ئەوەی بتوانین هەموومان یەکتر بناسین، بۆ ئەوەی شارەزایی تەکنیك و تەکنەلۆژیای نوێ بین، بۆ ئەوەی سوود لە یەکتر وەربگرین و سوود بەیەکتر ببەخشین، لای ئێمە دیزاینی وێب بووەتە شتێکی نهێنی، کەس نابێت بزانێت ئەوەی تر چی بەکار دەهێنێت، کەس پاڵپشتی یەکتر ناکات، نەوەك ئەو شتی لێوە فێر بێت و بۆ خۆی بەکاری بێنێت، بۆ ئەوها بین؟ خۆ دیزاینکردن و پرۆگرامینگ ئێستا شتێکی شاراوە نییە، لە سەر وێب سەدەها کتێب و کۆرس بەدی دەکرێت. کە من شتێکم شاردەوە برادەرەکەم نیگەران دەبێت بەرامبەرم و هەروەها ئەوەی بیەوێت لەسەر ئینتەرنێت دەیبینێتەوە و هەر شەرمەزاریم بۆ دەمینێتەوە.

www.c4kurd.com

## زنجیرەی تایبەت بە پرۆگرامسازی

# فێربوونی C++ هەنگاو بە هەنگاو

**بەشی سێیەم**

عەبدولباسیت کامل . ماستەر لە IT . زانکۆی کۆیە

■ لە وانەی رابردوو چەند پرسیارێکمان خستە بەر دەست و وەڵامەکەی دەرگای بابەتێکی فراواترمان لێدەکاتەوە.

```
#include "stdafx.h"
#include<iostream>
using namespace std;

int main()
{
    cout<<4<<endl;
    cout<<"4"<<endl;
    cout<<4+3<<endl;
    cout<<"4+3";
}
```

```
c:\documents and settings\abdulbasit.talabani-3
4
4
7
4+3_
```

وەك لە وێنەی سەرەوە دەبینین وەڵامی فرمانە یەك لە دوای یەکەکان بەو شێوەیە دەبێت کە لەشاشەی command prompt دەردەکەوێت. وەك دەبینین لە فرمانی یەکەم و دووەمدا وەڵامەکە 4 دەر دەچێت کەچی ئەنجامی فرمانی سێیەم بووە بە حەوت، دواتریش فرمانی چوارەم وەك خۆی نوسراوەتەوە. بەرێزان لە فرمانی سێیەم دا کۆمپایلەری سی پڵەس پڵەس ژمارە 3 و 4 ی بە ژمارە ناسیوەتەوە بۆیە کۆی کردونەتەوە بەڵام ئەگەر لە نێوان دوو کەوانەی وەك " " بوایە ئەوا وەك پیتێك مامەڵەی لەگەڵ دەکردن و وەکو خۆی دەینوسێتەوە، کەواتە هەرچییەك لە نێوان ئەم دوو کەوانەیە بێت " " وەك خۆی دەردەکەوێت لە کاتی بەکار هێنانی فرمانی cout<<. دیارە ژمارە 4 ی یەکەمیش لە بەر ئەوە دەرکەوتووە چونکە ژماریەکە و هیچی تر، لە کاتێکدا "4" وەك خۆی دەردەکەوێت چونکە پیتێکە و هیچی ترا!.

پرسیارێك کە دروست دەبێت ئەوەیە: ئایا کۆمپایلەری سی پڵەس پڵەس چۆن ژمارە و پیت لە یەك جیا دەکاتەوە، یان ئایا هەموو ژمارەکان وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟

لێرەدا پێویستە بچینە سەر باسی گۆڕاو، کە دەرگایەکمان بۆ دەکاتەوە بە رووی شارەزابوون لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی کۆمپایلەری سی پڵەس پڵەس لەگەڵ نرخەکاندا.

کەواتە با بزانین گۆڕاو چییە؟ و چۆن دەناسرێت؟؟

بەرێزان.. لە هەر زمانێکی پرۆگرام نووسیندا گرنگە تۆ نرخەکان ناویان لێ بنێیت، بە مانایەکی تر ئێمە پێویستمان بەوە دەبێت چەند شوێنێك لە یادگای کۆمپیوتەر بە کاربێنین بە مەبەستی بە کارهێنانی بۆ دانانی زانیاری و داتاکانمان و ئینجا کاریان لە سەر بکەین لە ناو بەرنامەکاندا.

بەم شێوەیە ئەکرێت ئێمە ژمارەی 1 لە ناو گۆڕاوێکدا بناسێنین بە ناوێك کە خۆمان ئەمانەوێت بۆ نموونە X، ئەمەش بەم شێوەیە : int x=1; کەواتە شوێنێك لە یادگای کۆمپیوتەر داگیر دەکەین و ناوی لێدەنێین x، و نرخێکی تێدا دادەنێن کە ئەویش نرخی 1 ە. رەنگە پرسیارەکەی تۆ لێرەدا ئەوەبێت ئایا int واتای چییە؟ وەڵامی ئەمە دەمانبات بۆ بابەتەی ناساندنی گۆڕاو Declaration، کەواتە x بریتیە لە گۆڕاو چونکە نرخەکەی لە گۆڕاندایە، بەڵام چ نرخێك وەردەگرێت؟ لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین کە زمانی C++ لەو زمانانەیە کە دەبێت لەگەڵ دروستکردنی هەر گۆڕاوێکدا بناسێنرێ و جۆرەکەی دیاری بکرێ، پرسیارێکی تر دێتە ئاراوە: ئایا چەند جۆر گۆڕاو هەیە لە زمانی C++ و جیاوازیان چییە؟

وەك دەبینین لە خشتەی سەرەوە کە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی گۆڕاو

| | |
|---|---|
| Minimum short | -32768 |
| Maximum short | 32768 |
| Minimum int | -2147483648 |
| Maximum int | 2147483648 |
| Minimum Long long | 9،223،372،036،854،775،808– |
| Maximum Long long | 9،223،372،036،854،775،808 |
| Minimum float | ئەو ژمارانە ئەگرێتەوە کە ژمارەی پاش فاریزەیان هەیە |
| char | ئەو گۆڕاوەیە کە پیتێك یان هێمایەك لە خۆ دەگرێت |

جیاوازیان هەیە لە رووی گەورەترین ژمارە و بچوکترین ژمارەوە، ئەوەی پێویستە لێرەدا بیڵێین ئەوەیە کە وشەی maximum یان minimum ناوی جۆری گۆڕاو نییە بەڵکو مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە گەورەترین ژمارە لە جۆری short بریتیە لە 32768 یان بچوکترین ژمارە لە جۆری int بریتیە لە -2147483648 ئەم نموونەیە ببینە بۆ حاڵی بوون لە چۆنێتی دەرکەوتنی تایبەتمەندی ئەم جۆرانە:

```
// var.cpp : Defines the entry point f
//

#include "stdafx.h"
#include<iostream>
using namespace std;

int main()
{
int q=2147483647;
cout<<q<<endl;
q=q+1;
cout<<q;
}
```

```
c:\Documents and Settings\abdulbasit.TALABANI-3
2147483647
-2147483648_
```

وەك دەبینین لەم نموونەیەدا ئێمە گۆڕاوێکمان ناساندوە بە ناوی q و نرخی 2147483647 مان پێی داوە کە تەنها یەك ژمارە لە بەرزترین ژمارەی جۆری int بچوك ترە کاتێك کە پیشانمان داوە لە سەر شاشەکە بە فرمانی cout<< دەبینین ژمارەکە وەك خۆی دەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ زیاد کردنی ئەم گۆڕاوە بە یەك ژمارە دەبینین ئەنجامەکە بووە بە:

-2147483648، هەرچەندە دەبێت ئەنجامەکەی بریتی بێت لە 2147483648، باشە بۆ دەبێت ئەم ئەنجامە بەم شێوەی لێ بێت؟ لە راستیدا لە بەر ئەوەی بەرزترین جۆری int بریتیە لە 2147483648 و لە دوای ئەوە ژمارەیەکی int نامێنێت ناچار دەگەرێتەوە بۆ بچوکترین ژمارە!.

ئێستا ئەم وێنەیە خوارەوە ببینە و بزانە بۆ ئەم جارەیان ژمارەکە بە شێوەیەکی راست دەرچووە:

```
#include "stdafx.h"
#include<iostream>
using namespace std;

int main()
{
long long q=2147483647;
cout<<q<<endl;
q=q+1;
cout<<q;
}
```

```
c:\Documents and Settings\abdulbasit.TALABAN
2147483647
2147483648
```

ئەم جارەیان کێشەی نابێت لە بەر ئەوەی جۆری long بەرزترین نرخی گەورەترە لە 2147483648.

**********

لە پرۆگرامینگدا پێویستە گۆڕاوەکان بناسێنین بەم شێوازەی لای خوارەوە:

ئەگەر ویستمان گۆڕاوێك بناسێنین کە ژمارەیەکی راستە (integer) ە پێویستە بەم شێوازەبێت:int x

یان:Int x،y،... لە حاڵەتێکدا کە زیاتر لە گۆڕاوێکت هەبێت. بە هەمان شێوە بۆ هەر جۆرێکی تر لەگەڵ گۆڕاوەکان: char a،s

لەم کاتەدا دەتوانین کۆمەڵێ کرداری ژمێری ئەنجام بدەین بە بەکارهێنانی گۆڕاوەکان:

```
// var.cpp : Defines the entry po
//

#include "stdafx.h"
#include<iostream>
using namespace std;

int main()
{
    int x,y,z;
    x=1;y=4;
    z=x+y;
    cout<<z;
}
```

```
c:\documents and settings\abdulbasit.t
5_
```

لە وێنەی سەرەوە دەبینین سێ گۆڕاومان ناساندوە بە جۆری int دوای ئەوە نرخمان داوەتە x،y لە دوایی ئەمەش کۆمانکردوونەتەوە ئەنجامەکان لە z دا داناوەتەوە. دواتریش بە cout<< نرخەکەمان پیشانداوە کە بریتییە لە 5.

***********

ئەم وێنەیە ببینە و سەرنجی ئەنجامی ئەم کۆدەی خوارەوە بدە

```
// var.cpp : Defines the entry
//

#include "stdafx.h"
#include<iostream>
using namespace std;

int main()
{
int q=4;
int d=5;
int z=q/d;
cout<<z;
}
```

```
c:\Documents and Settings\abdulbasit.
0_
```

وەك لەم وێنەیە دا دەبینین کە نرخی 4 مان داوە بە q و دوای ئەوە نرخی 5 مان داوە بە d و لە دوای ئەوە دابەشکراون و لە گۆڕاوی z دا دانراوەتەوە دیارە هەموو کەس دەزانێ 4 دابەشی 5 دەکاتە 0.8 ...ئەی بۆ ئەنجامەکە سفر دەردەچێت؟؟؟ لە وەڵامدا : پێویستە بزانین بە چی ئەو گۆڕاوەمان ناساندوە، وە z و هەردوو ژمارەی دابەش کراومان بە int ناساندووە بۆیە وەڵامەکە دەبێت ژمارەیەکی راستی بێت کەواتە 0.8 دەرناکەوێت بەڵکو دەیکات بە سفر، ئێستا سەرنجی ئەم کۆدەی خوارەوە بدە:

```
// var.cpp : Defines the entry po
//

#include "stdafx.h"
#include<iostream>
using namespace std;

int main()
{
float q=4;
int d=5;
float z=q/d;
cout<<z;
}
```

```
c:\Documents and Settings\abdulbasit.TALA
0.8
```

لێرەدا دەبینین کە یەکێك لە گۆڕاوەکان بە float ناسراوە و ئەنجامەکەش بە هەمان شێوە ناسێنراوەتەوە بۆیە ئەنجامەکە بەم شێوەیە دەرچووە.

لە کۆتایی ئەم بەشەشدا ئەم کۆدەی خوارەوە جێبە جێ بکە و بزانە ئەو ئەنجامەی کە دەردەچێت چۆنە.. هەوڵ بدە هۆی ئەو ئەنجامە بزانیت، پێش ئەوەی ژمارەی داهاتوو بێتە بەردەستت.

```
#include "stdafx.h"
#include<iostream>
using namespace std;

int main()
{
    cout<<4/5<<endl;
    cout<<4.0/5;
}
```

# با ئیتر بەرنامە سێت ئەپ نەکەین!

■ چەند بەرنامە کەمتر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت سێت ئەپ بکەیت ئەوەندە کۆمپیوتەرەکەت دوورتر دەبێت لە کێشە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئیتر بەرنامە سێت ئەپ نەکەین، بەڵام ئێستا رێگەیەکی زۆر باشتر و چاکتر هەیە بۆ بەکارهێنانی بەرنامە بێ ئەوەی سێت ئەپی بکەیت. واتە بەرنامەکە هەمووی تەنها یەك فایلەو بە کلیك کردن لەسەری بەرنامە دەکرێتەوە بە داخستنی بەرنامە دادەخرێت بێ ئەوەی هەنگاوەکانی سێت ئەپ کردنت کردبێت. بۆ ئەم کارە هەم کاتت بۆ دەگەڕێتەوەو هەم فایل لە ناو کۆمپیوتەرەکەت زۆر نابێت.

واتە بەرنامەیەکی وەکو فۆتۆشۆپ کە تا سێت ئەپی دەکەیت کاتی دەوێت و تا سیریەڵ و هەنگاوەکانی جێبەجێ دەکەیت دەبێت خەریك بیت پێوەی، بەڵام ئەگەر تەنها یەك فایل بێت ئەوە لەو سەر ئێشە رزگارت دەبێت و بە یەك فایل فۆتۆشۆپ دەکەیتەوەو دایدەخەیت.

ئەمجۆرە بەرنامانە پێیان دەڵین Portable Software واتە ئەو بەرنامانەی کە دەتوانیت بیان گوازیتەوە و پێویست بە بونی سیدی و سێت ئەپ ناکات.

پێشتر ماکنتۆش بەرنامەکانی بەم جۆرە بوو




بەڵام ویندۆز هەموو کات دەبوایە بەرنامەکانت سێت ئەپ بکردایە کە ئەمەش لە کاتی فۆرماتی کۆمپیوتەرەکەت دەبوایە هەمان بەرنامەت دەست بکەوتایە بۆ ئەوەی سێت ئەپیان بکەیتەوەو بەڵام لە دوایەدا بەرنامەی پۆرتەبڵی تایبەت بە ویندۆزیش زۆر بوو و بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی کردووە کە زۆربەی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر ئەم جۆرەیان بە باشتر دەزانن هەم بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرەکەیان لە قورس بون هەم بۆ خێرا بەکارهێنانی هەر بەرنامەیەك کە کارت پێی هەبێت.

هەر بۆیە کاتێك لە ئینتەرنێت بۆ بەرنامە دەگەڕێیت هەوڵ بدە بۆ ئەو بەرنامانە بگەرێ کە پۆرتەبڵ بن تاکو ئەگەر بەرنامەکەت بە دڵیش نەبێت کاتی خۆت نەکوژیت بە سێت ئەپ کردن و دوای ئەوە سرینەوەی بەڵکە تەنها سێ کلیك زەرەر دەکەیت ئەو کلیکێك بۆ کردنەوەو دانەیەك بۆداخستن و ئەوی تریش بۆ سڕینەوەی.

www.c4kurd.com

## دکتور ئەیاد فایەق، سەرۆکی بەشی سیستەمی کۆمپیوتەر لە خانەقین بۆ سی فۆر کورد:

# هیچکات پێمان باش نیە بەشەکەمان ببرێتە پەیمانگای تەکنیکی کەلار



■ لە سەر رێگای ( کەلار ـ خانەقین ) بە لای دەستە راستدا تابلۆیەك بە کوردی وعەرەبی نوسراوە (بەشی سیستەمی کومپیوتەر) و کەمتر لە 50 مەتر بینای دواناوەندی پیشەیی خانەقین هەیە هەر لە نێو بیناکەدا بەشێکی سیستەمی کۆمپیوتەر کراوەتەوە کە سەر بە پەیمانگای تەکنیکی خانەقینە. بەمەبەستی ئاگاداربون لە سیستەمی خوێندن و ئاگادار بوون لە کێشەو گیروگرفتەکانی بەشی کۆمپیوتەر، ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ سەروکی بەشی سیستەمی کۆمپیوتەر (دکتور ئەیاد فایق) ئەنجامدا.

**سازدانی : بیلال سەعید - کەلار**

**+ ئەو بینایەی کە ئێستا دەوامی بەشەکەی ئێوەی تێدایە، پێشوتر بینای دواناوەندی پیشەیی خانەقین بووە، بۆچی داواتان نەکردوە بینایەکی سەربەخۆتان بۆ دروستبکرێت؟**

- پێشوترو ئێستاش لە رێگەی ئێوەوە داوای بینایەکی سەربەخۆ دەکەین بۆ بەشەکەمان، بەڵام راستت دەوێ تا ئێستا بەهۆی مادەی 140 زۆرجار حکومەتی هەرێم دەڵێت ناتوانین خزمەتگوزاریتان بۆ بکەین و دیالەش نایکات بۆمان، بۆیە تا ئێستا بینایەکی تایبەتمان بۆ دروست نەکراوە بەڵام داوامان وایە حکومەتی هەرێم داواکەمان بەجدی وەربگرێت و بینایەکی سەربەخۆمان بۆبکاتەوە.

**+ لەسەرجەمی کۆلێژو پەیمانگاکانی کوردستان دەوامی رەسمی خوێندن دەستی پێکردوە بەڵام لە بەشەکەی ئێوە وا دیارە هێشتا دەوامتان دەست پێنەکردوە هۆی چیە؟**

- دەوامی رەسمی لە لای ئێمە دەستی پێکردوە و قوتابیانی قۆناغی دووەم لە بەشەکانیان دەوام دەکەن کە رێژەیان 29 قوتابیە . تەنها ئەو قوتابیانە هێشتا دەوامیان دەستی پێنەکردوە کە ئەمساڵ ناوەندی وەرگرتن رەوانەی لای ئێمەیان کردوە، بۆیە ئەو قوتابیانە لە شارەکانی خۆیان هێشتا خەریکی تەواوکردنی معامەلاتەکانیانن لەگەڵ گەیشتنی بروانامەکانیان ئێمە دەست بە دەوامی خۆمان دەکەین لەگەڵیان.

**+ رێژەی ئەو قوتابیانە چەندە کە ئەمساڵ رەوانەی بەشەکەی ئێوە کراوە ؟**

- تا ئێستا لە لایەن پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە 79 قوتابیمان بۆهاتووە بەڵام هێشتا لە پەروەردەی دیالەوە قوتابی رەوانەی لای ئێمە نەکراوە.

**+ قوتابیانی بەشەکەتان گلەیان لە خراپی و نەبونی خزمەتگوزاری کرد، وەك نەبوونی سیاجێك لە نێوان بەشەکەی ئێوەو ناوەندیەکە جگە لە نەبونی باخچە؟**

- راست دەکەن و منیش هاورام لە گەڵیان بەڵام ئێستا واخەریکین لەگەڵ بەڵێندەرێك بۆ ئەوەی بە دیوارێك لە ناوەندیەکە جیا بینەوە و دوای تەواو بوونی هەوڵی دروستکردنی باخچەش دەدەین.

**+ مامۆستایان ئێرە زۆربەیان بەعەرەبی وانە دەڵێنەوە لە کاتێکدا زۆرینەی قوتابیان کوردن هۆکاری چیە؟**

- نەخێر زۆر جار ئێمە هەوڵەکانمان دەخەینە گەر کە هەر بابەتێك لە توانماندا هەبێت بە کوردی دەیڵێینەوە بەڵام ئەوانەی کە بە ئینگلیزین ناکرێت وە راستە هەندێ جاریش ئێمە بەهۆی سیاسەتی پێشوی بەعسەوە کوردیەکەمان کەمێك لاوازە دەنا زۆرێك لە مامۆستایان هەمیشە لە خەمی باشکردنی زمانی خۆیانن و لە کاتی تاقیکردنەوە روونی دەکەینەوە و وەڵامدانەوەشیان بە هەر چ زمانێك بێت ئاساییە لەلامان.

**+ زۆرێك لە قوتابیانی بەشەکەتان خەڵکی کەلارن باس لەوە هەیە و قوتابیان داوایان کردوە بەشەکەتان ببرێتە نێو پەیمانگای تەکنیکی کەلار؟**

-منیش بیستومە لای مامۆستا سیروان راگری پەیمانگاش باسم کردوە بەڵام تا ئێستا شتی لەو جۆرە نیە و هیچکات پێم باش نیە بەشەکەی ئێمە ببرێتە پەیمانگای تەکنیکی چونکە ئێمە ئەمە بۆ سی ساڵ دەبێت هەمیشە لە خەمی گەورەکردن و خزمەتکردنی بەشەکەین لە پێناو ئەوەی حکومەت گەورەتری بکاتەوە بۆ پەیمانگایەکی سەربەخۆ یان بۆ کولێژێکی تەکنیکی نەك ببینە بەشێك لە پەیمانگاکە، من لێرەوە رای دەگەیەنم هەر قوتابیەك حەزی لە جێگای تر بێت لێرەوە کار ئاسانی بۆ دەکەین با برِوات لە شوێنی تر بخوێنێت بەڵام ئێمە ئامادە نین بەشەکەمان ببرێتە ناو پەیمانگای تەکنیکی کەلار، و زۆرسوپاسیان دەکەین خزمەتی باشیان کردوین بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لە بەر خاتری چەند قوتابیەك بەشەکە بگوازرێتەوە بۆشاریکی تر.

**+ لە زۆر بەشی پەیمانگاو کۆلێژەکانی کوردستان بڵاوکراوە و گۆڤاری تایبەت بەخۆیان هەیە، ئێوە بە نیاز نین شتێکی لەوشێوە دەربکەن؟**

- تا ئێستا شتێکی لەوشێوە بە دەستمانەوە نیە چونکە بودجەمان زۆرکەمە و بەشی ئەوە ناکات بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە توێژینەوەو راپۆرتی باش دەنووسین .

**+ لە بەشەکەدا چەند مامۆستا وانە دەڵێنەوە؟**

- 6 مامۆستامان هەیە و مامۆستاکان پسپۆری بواری کۆمپیوتەرن.

# هارد دیسکی کۆمپیوتەر
# پێکهاتەی .. چۆنیەتی کارکردنی

**کاروان مستەفا - زانکۆی سلێمانی**

■ دیسکی رەق (Hard Disk): یەکەیەکی خەزنی دەرەکیە کە بەشێوەی بواری موگناتیسی زانیاریەکان لەو خانانەی کە توانای وەرگرتنی زانیاریان هەیە بەشێوەی بواری موگناتیسی هەڵدەگیرێن و پاشان دانەوەو بەخشینەوەی زانیاریەکانی لەلایەن خانەکانەوە لە ژێر کاریگەری بیرۆکەکانی کارۆموگناتیسیدا بەهۆی سەرەکانی خوێندنەوەو نووسینەوە. ناو دەبرێت بە دیسکی رەق چونکە لە پێکهاتەیەکی رەق پێکهاتووە لە رووی دەرەوە لەناوەوەش لە هەردوو بەشی میکانیکیو کارەبایی پێك دێت بۆ راپەڕاندن و جێبەجێکردنی فرمانەکانی یەکەی چارەسەری ناوەندی کە ئاراستەی دەکات بەهۆی یەکەکانی گوێزەرەوە (IDE)ەوە.

**پێکهاتەی دیسکی رەق :**

1- بەشی میکانیکی (جولاو)

2- بەشی ئەلیکترۆنی(کارەبایی) .

**- پێکهاتەکانی بەشی میکانیکی:**






روکاری میکانیکی(جولاو)ی دیسکی رەق

أ-دیسکەکان(Platte): هەر دیسکێك شێوەیەکی بازنەیی هەیە و ژمارەیان لە هاردێکەوە بۆ هاردێکی دیکە بە پێی جۆرو توانای هاردەکان دەگۆڕدرێت و بەدەوری تەوەرەیەکی کراوەدا ریز دەبن لە رووی قەبارەوە جیاوازن. لە کۆمپیوتەرە بیرۆکە کەمەکاندا قەبارەیان (1.8 یاخود 1.3)ئینج دەبێت بەڵام لە کۆمپیوتەری ئاساییدا قەبارەیان (3.5) یاخود (5.25) ئینج دەبێت و لەهەر (ئینج)ێکی سەر رووی دیسکەکان نزیکەی (5)میگابایت خەزن دەبێت و لە هەر روویەکی دیسکەکەدا نزیکەی (20)میگابایت زانیاری خەزن دەبێت، هەندێ جۆری دیسك لە شوشەی بەهێزکراو لە سیرامیك دروست دەکرێت و هەندێ جۆری دیکەیان بە مادەی ئەلەمنیۆم داپۆشراوە بە جۆرە ئۆکسیدێکی کانزایی کە توانای وەرگرتنی زانیاری هەبێت بەشێوەی بواری موگناتیسی.

- ئۆکسیدی ئاسن : مادەی ئۆکسیدی ئاسن تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ مادەیەکی بەهێزکەرو پاشان تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ مادەیەکی لکێنەردا پاشان روپۆشی هەر دوو دیوی دیسکەکەی پێ دەکرێت، بەم شێوەیە دیسکەکان توانای وەرگرتنی زانیاری پەیدا دەکەن، چونکە خانەکانی ئۆکسیدی ئاسن و کانزایەکان توانای لە خۆگرتنی زانیاریان هەیە بەشێوەی بواری موگناتیسی.

- بەڵام رێگەی بەکارهێنراوی سەرکەوتو بریتیە لە رێگەی پێکەوەلکاندن و لەبەرگرتنەوەی کانزاکان بەهۆی رۆن و کارەباوە کە ناودەبرێت بە کرداری موگناکردن (المغطس)، و ئەم رێگەیە روپۆشێکی بەهێزو بەتوانا دەدات بە دیسکەکان لەرووی بەرگە گرتن و وەرگرتنی زانیاریەوە بەشێوەیەك کە توانای وەرگرتنی زانیاری زیاتری هەبێت لە (bit) لەروویەکی کەمی دیاری کراوی سەر رووی دیسکەکان.

ب ـ <u>بزوێنەری دیسکەکان (Spindle Motor)</u> بریتیە لە بزوێنەرێك کە لێپرسراوە بە جولاندنی دیسکەکان لە پێکهاتەی دیسکە رەقەکەدا بە خێرایەکی دیاریکراو کە دەپێورێت بە یەکەکانی "خول/ دەقیقە" واتە (PRM)ە دەسورێتەوە دیسکەکان بە خێرایی سوڕانەوەی 4500 یاخود 5400 خول لەهەر یەك دەقیقەدا لە هەندێ جۆری کۆمپیوتەری پێشکەوتوو بەتوانادا ژمارەی خولانەوەکانی دیسکەکان دەگاتە 100000 خول لەهەر دەقیقەیەکدا، هەتا ژمارەی خولانەوەی بزوێنەری دیسکەکان لەهەر دەقەیەکدا زیاتر بێت ئەوا باشترە چونکە سەرەکانی نوسینو خوێندنەوە بە خێرایەکی زیاتر (bit)ی داواکراو دەنوسن یاخود دەخوێننەوە لەسەر خودی رووی دیسکەکان کە ئەمەش کاریگەری تەواو سەرکەوتوی دەبێت لەسەر بەدەستهێنانی خێرابوونی




روکاری ناوەوەی دیسکی رەق

خێرایی کۆمپیوتەر لە ناردن و وەرگرتنی زانیاریەکانیدا.

ج ـ <u>سەرەکانی خوێندنەوەو نووسین</u> : پێکهاتەیەکی سەرەکیە لە پێکهاتەی بەشە میکانیکیەکاندا کە لێپرسراوە بە گۆڕینی ئەو زانیاریانەی کە لەبۆردی ئەلیکترۆنیەوە (Logo Board)ەوە بۆ دەنێردرێت بەشێوەی ئیشاراتی کارەباییەوە بۆ بوارێکی موگناتیسی بەهۆی بوونی کۆیلێکی وورددەوە لە پێکهاتەی سەرەکانی نوسینەوەو خوێندنەوەدا کە لە توانایدا هەیە زانیاریە جۆربەجۆرەکان لە پریشك و ئاماژەی کارەباییەوە بگۆڕێت بۆ شێوەی بواری موگناتیسی بەهۆی کاریگەری یاساکانی کارۆموگناکاریەوە، و پاشان وەرگرتنی زانیاریەکان لەلایەن ئەو خانانەی سەر رووی دیسکەکان. لە پێکهاتەی دیسکی رەقدا ژمارەی سەرەکانی خوێندنەوەو نووسین هەمیشە دوو هێندەی ژمارەی دیسکەکانن، هەموو سەرەکانی جوڵەیان وەك یەکەو لە یەك کاتدا دەبزوێن چونکە لە پێکهاتەی هەموو دیسکێکی رەقدا تەنها یەك بزوێنەری سەرەکانی خوێندنەوەو نوسین هەیە و وەستانی دیسکەکان لە جوڵەو خولانەوەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرەکانی نوسین و خوێندنەوە لە شوێنی دیاریکراوی خۆیاندا بنیشنەوە کە ناو دەبرێت بە شوێنی نیشتنەوە (Loading Zone).

**جۆرەکانی سەری خوێندنەوەو نووسین:**

1 . Inductive Head: ئەم جۆرە لە ژێر کاریگەری کرداری کارۆموگناکاریدا، کارەکانی بەهۆی بوونی فایل و (Coil)ەوە کە لە توانایدا هەیە زانیاریەکان لە بواری کارەباییەوە بگۆڕێت بۆ بواری موگناتیسیو بە پێچەوانەشەوە، نوسین و خوێندنەوەیان لەسەر خودی هەر دوو روی دیسکەکان و ئەم جۆرە لەسەرەکانی خوێندنەوەو نووسین تەنها لەو کاتەدا پێویستی بە برِی کارەبا دەبێت کە دەیەوێت دەست بکات بەکرداری نوسین و خوێندنەوە لەسەر خانەی دیاریکراوی دیسکەکە.

2 . Maggot Resistive: ئەم جۆرەشیان هەر لەسەر هەمان بیرۆکەی پێشوو کار دەکات بەڵام بەس توانای خوێندنەوەی زانیارییەکانی هەیە لەسەر رووی خانەکانی دیسکەکە وبەشێوەیەکی هەمیشەیی پێویستی بە ئیشاراتی کارەبایی دەبێت بۆ بەردەوام خوێندنەوەی زانیاریەکان لەسەر رووی دیسکەکان .

3 . بزوێنەری سەرەکانی نوسین و خوێندنەوە :Actuator : بریتیە لە بزوێنەرێك کە لێپرسراوە لە بزواندن و جوڵانی سەرەکانی نوسین و خوێندنەوە لەسەر شوێنە جیاوازەکانی سەر رووی دیسکەکانی پێکهاتەی ناو دیسکە رەقەکە، برو جۆری جوڵەکەشی پەیوەستە لەسەر برو هێندەی ئەو برە ئیشاراتو شەراراتی کارەبایە کە لەلایەن بۆردی ئەلیکترۆنیەوە (Logo Board) وە ئاراستە دەکرێت لە پێکهاتەی هەر دیسکێکی رەقدا تەنها یەك بزوێنەری نوسینو خوێندنەوەمان هەیە وەشێوەی کارکردنی بریتیە لە گۆڕینی زانیاری کارەبایی بۆ شێوە بواری موگناتیسی پاشان گۆڕینی بۆ جوڵەو بۆ خانەیەکی دیکەی دراوسێی سەر رووی دیسکەکان ووردیو




روکاری ناوەوەی دیسکی رەق

بەهێزیو گرنگی بزوێنەرەکانی سەرەکانی نوسین و خوێندنەوە دەردەخات بەشێوەیەکی سەرەکی.

بۆردی ئەلیکترۆنی (Logo Board):

بریتیە لە رەکتەیەکی کارەبایی ئەلیکترۆنی کە پێکهاتووە لە یەکەی بچوکی ئەلیکترۆنی تا رادەیەك ئاڵۆز کە لێپرسراوە لە وەرگرتن و جێبەجێکردنی ئەو زانیاریانەی کە بەشێوەیەکی ئاماژەو پریشکی کارەبایی لەلایەن یەکەی چارەسەری ناوەندییەوە ئاراستەی دەکرێت و لێپرسراوە بەرامبەر بە فەرمان و بزواندنی هەموو پێکهاتەکانی بەشی میکانیکی دیسکی رەقدا هەروەك جوڵەو خولگەکانی دیسکەکان، سەرەکانی نوسینەوەو خوێندنەوە، هەروەها بزوێنەرەکانی دیسکەکان و بزوێنەری سەرەکانی نوسین و خوێندنەوە .

جیاکەرەوەکانی (Hard Disk) :

- ژمارەی سیزەرەکان
- ژمارەی سەرەکانی نوسین و خوێندنەوە
- ژمارەی (میگا)کان لە پێکهاتەی هەر (سیزەرێکدا)
- ناوچەی نیشتنەوەی سەرەکانی خوێندنەوەو نوسین (Lading Zone)

جۆرەکانی (Cable) بۆ پێکەوە بەستنی دیسکی رەق بە بۆردی دایکەوە (Mother Board)

(IDE، SCSI ، Parallel Port ، SATA )

بۆ بەستنی دیسکی رەق (Hard Disk) لە کۆمپیوتەرەکەمان پێویستە ئەم هەنگاوانە بنێین :

- کۆمپیوتەرەکەمان لە کارەبا دەبڕین.
- دیسکی رەق لە شوێنی گونجاوی خۆی دەبەستین.
- بەهۆی کێبڵی جۆری (IDE) وە دیسکە رەقەکەمان دەبەستین لە بۆردی دایك (Mother Board).
- بەهۆی (Cable) جۆری پاوەرەوە کارەبای دەبەستین .
- (Format)ی هارد دەکەین .
- پاشان داگیرسانی کۆمپیوتەرەکەو کارپێکردنی .




# ئینتەر و ئایتی

■ دیارە دانانی ستونێکی تایبەت لە رۆژنامەیەکدا کارێکی ئاسان نییە و کاتێکی زۆری پێویستە.. بەتایبەت لەبوارێکی زانستیی فراوانی وەك (ئایتی)دا.. بەڵام کاتێك سەیری گرنگی بوارەکە و رۆڵی فراوانی لە ئێستای ژیانی رۆژانەدا دەکەین بۆمان دەردەکەوێت کە خۆماندووکردن و کات بەخشین بەم بوارە کارێکی زۆر پێویستە..

گۆشەی (ئینتەر) گۆشەیەکی هەفتانەیە لە پاشکۆی ئایتیدا دێتە بەردیدی ئێوە، هیوای بەدڵبوونی ئێوەی هەیە..

ناونانی ئەم گۆشەیە بە (ئینتەر) هەر لەخۆڕا نەبوو، ئینتەر .. دەسپێکی چوونە ناو کارێکی نوێیە.. دەمانەوێت لەم گۆشەیەوە بەزۆر شتی دنیای نوآ ئاشنا ببین و هەڵیان بسەنگێنین.. هەروەك لەیەکەم بینیی کۆمپیوتەر و بەکارهێنانیشیدا خێرا دەست بۆ کیبۆرد دەبەیت و لەوێش یەکەم کلیلێك لەبەردەستدا بریتییە لە (Enter) و لەوێوە دەست پێدەکەیت.

هەر هەڵبژاردنێکیش لە نێوان بەڵێ و نەخێری هەر فەرمانێکی کۆمپیوتەرەکەمان تەنها (ئینتەر)ێکی دەوێت و ئیدی ئەوەی هەڵمان بژاردووە جێبەجێ دەبێت.. بۆیە دەبێت زۆر بە وریاییەوە ئینتەر بکەین و چاك و خراپ لێك هەڵاوێرین بۆ ئەوەی بزانین ئینتەر لەسەر چی دەکەین!.

دەبێت ئەوەش باش بزانین کە هەر ئەو (ئینتەر)ەیە زۆر گرفت و کێشەت بۆ چارەسەر دەکات و پاش دۆزینەوەی رێگاچارەی کێشە و وەڵامی پرسیارەکان بە خێرایی ئینتەر بکەو خۆت لە گەڕانەوە بۆ کێشەکان بپارێزە.. خۆ دەبێت ئەوەشت لەیاد نەچێت کە بۆ تەواوبوونی هەر پەرەگرافێك و دەستپێکردنی پەرەگرافێکی نوآ دەبێت ئینتەر بکەیت، کەواتە لێرەشدا (ئینتەر)ت پێویستە تا نووسینەکەت جوانتر و شیاوتر دەربکەوێت..

ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر ئەگەر ئەم ئینتەرە کوردییەی خۆمان بە (Inter) خوێندەوە ئەوا دەرگای جیهانێکی نوێمان بۆ والآ دەکات.. ئەم ئینتەرەیان سەرەتای ووشەی (ئینتەرنێت)ەو لێرەوە دەچینە ناو فراوانترین تۆڕی زانیاری و گرنگترین بەشی ئایتی کە بێشومار داتا و بابەتی هەمەجۆرمان لە بەردەستە و دەتوانین سوودیان لێوەربگرین، یان لەخراپ بەکارهێنانی زەرەرمەند ببین..

کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە (ئینتەر) لە دنیای ئایتی دا گرنگیەکی بەرچاوی هەیە و بەردەوام پێویستمان پێیەتی.. بۆیە هەوڵدەدەین لەم گۆشەیەدا هەفتانە قسەو باس لە بوارە جیاوازەکانی ئایتی و پێویستییەکانی بکەین و پەیوەندییەکانی بە ژیانی رۆژانەمانەوە لێك بدەینەوە، بەڵکو بتوانین گۆشەیەك لە بۆشایی ئەم بوارە لە کوردستاندا پڕ بکەینەوە ..ئەوەی گرنگە لە کۆتاییدا ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە کە نامانەوێت گۆشەکە بەتەنها گۆشەیەکی زانستی بێت، بەو مانایەی قسەکردن بێت لە داهێنراو و بابەتە زانستییەکان.. بەڵکو زیاتر قسەکردنە لەسەر لایەنی پراکتیکی ئەو بابەتانە لە ژیانماندا و کاریگەریان لەسەر پەیوەندییەکانمان و شێوازی ژیانمان.. هیواخوازم (ئینتەر) جێگای خۆی لای خوێنەرانی بکاتەوە..

**تێبینییەکی پێویست: ئەم گۆشەیەم لە ئاسۆی ئایتیدا دەستپێکرد، بەڵام لەبەر هەندێك هۆی تایبەتی رامگرت، پشت بە خوا لێرە بە دوا لە سی فۆر کورددا بەردەوامی دەبێت.**

qaradakhi@gmail.com

www.c4kurd.com

# چۆنیەتی دروست کردنی پۆستی ئەلیکترۆنی (e-mail) لە یاهوو بە خۆڕایی

**باوکی سۆما**

■ پێش ئەوەی باس لە دروستکردنی پۆستی ئەلیکترۆنی بکەین، پێویستە بزانین پۆستی ئەلیکترۆنی یاخود (ئیمەیڵ-e-mail ) چییە؟

پۆستی ئەلیکترۆنی بە یەکێك لە خزمەتگوزارییە هەرە گرنگەکانی ئینتەرنێت دادەنرێت، بریتییە لە ناردن و وەرگرتنی نامەی تێکست و هاوپێچەکانی (Attachments) جا هەر جۆرە فایلێك بێت لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێت ئەگەر ناونیشانی پۆستی ئەلیکترۆنیت هەبێت و ئەو کەسەی کە نامەی بۆ دەنێریت بەهەمان شێوە ناونیشانی پۆستی ئەلیکترۆنی هەبێ.

دیارە پۆستی ئەلیکترۆنیمان هەیە بە پارە و هەمانە بە خۆڕایی، ئێمە لەو باسەماندا باس لە هی بەخۆڕایی دەکەین. چەندین کۆمپانیا هەن کە ئیمەیڵ بە خۆڕایی دەدەن وەك یاهوو، هۆتمێڵ، جیمەیڵ، مەکتوب، مایوەی و چەندانی تر. ئێمە لێرەدا باس لە چۆنیەتی دروست کردنی ئیمەیڵ دەکەین لە یاهوو، فەرموون با بەیەکەوە هەنگاو بە هەنگاو ئیمەیڵێکی خۆڕایی دروست بکەین:

-1 سەرەتا Internet explorer دەکەینەوەو ئەم ناونیشانەی تێدا دەنووسین:
(mail.yahoo.com) و سایتی ئیمەیڵی یاهوومان بۆ دەکرێتەوە وەك لە وێنە ژمارە (1)دا دیارە.




-2 پاشان لەسەر (sign Up) کلیك دەکەین ویندۆیەکی ترمان بۆ دەکرێتەوە کە لە وێنەی ژمارە (2)دا دیارە. لەم ویندۆیەدا ئەم زانیاریانەی خوارەوەی تێدایە کە پێویستە پڕی بکەینەوە:

-1 ...Tell us about yourself

My Name: ناوی خۆت ، ناوی باوکت

(Gender): ڕەگەز (male) نێر یاخود (Female)مێ

Birthday: مانگ، ڕۆژ، ساڵ




(تێبینی: پێویستە ئەو کەسەی ئیمەیڵەکە بۆ خۆی دروست دەکات تەمەنی لە (18) ساڵ زیاتر بێت)

I live in: ناوی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژیت

-2 Select an ID and password ( ناوو وشەی نهێنی (پاسۆرد) دیاری بکە)

Yahoo! ID and Email: ( لێرەدا ئەو ناوەی کە دەتەوێت بۆ ئیمەیڵەت دەنووسیت)

پاش نووسینی ناوەکە بۆتۆنێك دەردەچێت کە لەسەری نووسراوە (Check ID) ئەمەیان کلیك بکە بۆ ئەوەی بزانێت ئەم ناوە هەیە یان نا. ئەگەر ناوەکە هەبوو و کەسێکی تر پێشتر ئەو ناوەی بەکارهێنابوو بە ڕەنگی سوور دەنووسێت (This ID in not available) و چەند پێشنیارێکی ترت پێدەدات بۆ ناوەکە و دەبێت جارێکی تر ناوێکی تر بنووسیت و بزانیت هەیە یان نا، خۆ ئەگەر ناوەکە پێشتر نەبوو بێت ئەوا ناوەکە قبوڵ دەکات و نامەیەك بە ڕەنگی سوور دەنووسرێت ( Your Yahoo! ID has been set to )، ئینجا دەچینە سەر هەنگاوی دوای ئەو.

Password: (وشەی نهێنی تایبەت بە خۆت بنووسە بۆ ئەوەی لە داهاتوو ئیمەیلەکەتی پێ بکەیتەوە).

تێبینی: پێویستە وشەی نهێنی (پاسۆرد) لە (8) پیت کەمتر نەبێت و وا باشترە پێکهاتبێت لە پیت و ژمارەو سومبڵ وەك (@، #، & ....). لێرەدا پیتی گەورەو بچووك گرنگە پێویستە بزانیت کامەیان بەکاردەهێنیت بۆ ئەوەی بۆ جارانی داهاتوو تۆ ئیمەیلەکەتی پێ بکەیتەوە.

Re-type password: (هەمان پاسۆرد کە لەسەرەوە داخڵت کردبوو دیسان بینووسەوە).

-3 In case you forget your ID or Password. ( ئەگەر هاتوو لە ئایندەدا ناوەکەت یاخود پاسۆردت لە بیرچوو ئەوا ئەم زانیارییانە یارمەتیت دەدات بۆ گێڕانەوەیان).

Altemate Email: (لێرەدا ئەو ئیمەیڵە دەنووسیت لەکاتی لەبیرچوونی ناو یاخود پاسۆردی ئیمەیڵەکەت ئەوا یاهوو زانیارییەکانت بۆ ئەو ئیمەیڵە دەنێرێت).

Security Question: (لێرەدا پرسیارت لێدەکات بۆ ئەوەی لەکاتی لەبیرچوونی پاسۆرد ئەو وەڵامە بنووسیتەوە بۆ گێڕانەوەی پاسۆردەکەت).

Your Answer: (وەڵامی پرسیارەکە لێردا دەنووسیت).

-4 ...Just a couple more details

لێرەدا شێوەی نوسینێك دەردەچێت کە پیت و ژمارە تێکەڵن، تۆش وەکو ئەوەی کە نووسراوە بینووسەوە.

Do you Agree?

ئایا رازیت بەو خاڵانەی کە لە (Yahoo! Terms of service) و (Yahoo! Privacy Policy)دا هاتووە. ئەگەر رازیت کلیکێك لەناو چوارگۆشە بچوکە بەتاڵەکە بکە.

پاشان کلیك لەسەر بۆتۆنی (Create My Account) بکە.

-3 ئینجا ئەگەر هەر هەڵەیەك لە زانیاریەکانت هەبێت یاخود خانە پێویستەکانت پڕ نەکردبێتەوە ئەوا بە نووسینی ڕەنگ سوور ئاگادارت دەکاتەوە کە پێویستە پڕی بکەیتەوە، ئەگەر نا ویندۆی پیرۆزیایمان بۆ دەردەچێت وەك لە وێنەی ژمارە (3)دا دەردەکەوێت:




ئینجا کلیك لەسەر بۆتۆنی (Continue) بکە بۆ ئەوەی بچینە ناو ئیمەیڵەکەت و سەیری ئەو نامە پیرۆزباییە بکەیت کە یاهوو بۆی ناردووی.

بەم شێوەیە دەبیتە خاوەنی ئیمەیڵی تایبەت بەخۆت لە سایتی بەناوبانگی یاهوو!

# چۆنیەتی گەڕاندنەوەی ویندۆز

## System Restore

**ئا/ شەماڵ سالح-ڕانیە**

shamal986@yahoo.com

■ هەندێک جار لەبەر زۆر بوونی کێشەکانی کۆمپیوتەر یان ڕوودانی کێشەیەکی دەستبەجێ، پێویست بەوە دەکات کە کۆمپیوتەر بگەڕێندرێتەوە بۆ کاتی پێش ڕوودانی ئەو هەڵانە. لەم وانەیەدا چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو کارە شیدەکەمەوە بۆ هەموو خوێنەرانی سی فۆر کورد. ( لەویندۆز XP).

سەرەتا بڕۆ کلیک لەسەر Start بکەو بڕۆ سەر Accesseries پاشانیش بڕۆ سەر System Tools لەوێش بڕۆ کلیک لەسەر System Restore بکە سەیری وێنەی ژمارە(1) بکە.




پاشان پەنجەرەیەکمان بۆ دەکرێتەوە تۆ Restore My Computer To An Earlier Time هەڵبژێرە، پاشانیش Next بکە (سەیری وێنەی ژمارە2 بکە).




پاشانیش پەنجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوە مان بۆ دەکرێتەوە (سەیری وێنەی ژمارە3 بکە).

(1) لێرەدا ڕۆژمێرێک هەیە کە دەتوانی کلیك بکەیت لەسەر یەکێک لە ڕۆژەکانی و ببینی کەچ گۆڕانکاریەکت کردووە لە سیستەمەدا.

(2) ( کە لە بەشی ژمارە2 دا دەردەکەون).

بۆ نموونە: ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت لە 5 ی مانگی July دا دووچاری کێشەیەک بووە، دەبێ کلیك بکەیتە سەر ئەو ڕۆژەو پاشان لەبەشی ژمارە 2 دا خاڵێک هەڵبژێری پێش جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکاریەی کەبووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە.

Next کلیك بکە بۆ بەردەوامبوون.

لەپەنجەرەی سەرەوەدا پێت ڕادەگەیەنێت کە




کۆمپیوتەرەکەت دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو کات و ڕۆژەی کە لەسەرەوە بەڕەنگی سوور نووسراوە.

Next کلیك بکە، کۆمپیوتەرەکەت دەکوژێتەوەو جارێکی دیکەخۆی هەڵدەبێتەوە. پاش هەڵبوونەوە دەبینی کە کۆمپیوتەرەکەت گەڕاوەتەوە بۆ ئەو کاتەی کەخۆت هەڵتبژارد.




# چۆن پاسۆرد بۆ فایلی وۆرد دادەنێیت؟

**باوکی ماریا**

■ ئەم بابەتە تایبەتە بەدانانی ووشەی نهێنی بۆ بەرنامەکانی ئۆفیس (وۆرد- ئێکسڵ- پاوەرپۆینت- ئەکسس)، بێگومان زۆرمان هەندێك فایلی تایبەتیمان هەیە و نامانەوێت کەس بیخوێنێتەوەو ببینێت. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین پاسۆردی لەسەر دابنێین، بۆ ئەم کارەش ئەم ڕێگایە دەگرینە بەر:

1. پاش ئەوەی کارەکەمان تەواو کرد لەهەر بەرنامەیەکی ئۆفیسدا وە بمانەوێت وشەیەکی نهێنی دابنێین، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت فایلەکان بکاتەوە یاخود گۆڕانکاری تێدا بکات، ئەوا بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە دەچین بۆ لیستی tools دوایی option .




2. ئێستا ئەم پەنجەرەیەمان بۆ بەدیار دەکەوێت




(وێنەی ژمارە1)، دەچین بۆ بەشی security و لەخانەی وشە نهێنیەکە وشەی پێویست دەنووسین و ok دەکەین، پاشان دوبارە پەنجەرەیەکی بچوکمان بۆ دەکرێتەوە داوای دوبارە نووسینەوەی وشە نهێنیەکەمان لێدەکاتەوە (وێنەی ژمارە 2).

3. ئێستا کارەکەمان سەیڤ دەکەین و بەرنامەکە دادەخەین، لەدواییدا هەرکەسێك ویستی فایلەکە بکاتەوە ئەوا داوای ووشەی نهێنی لێدەکات، بە بێ نوسینی ئەو وشەیە کە بۆمان داناوە ناتوانێت بچێتە ناو فایلەکە.

تێبینی /

ئەگەر ویستمان وشە نهێنیەکە لابەرین ئەوا هەنگاوەکان دووبارە دەکەینەوە و وشە نهێنیەکە لادەبەین کە نووسیبومان.

# پرسیار و وەڵام



■ **پرسیار (ئارام محی الدین): کێشەیەکم هەیە لەگەڵ ئەنتی ڤایرۆسی کاسپەرسکای کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەم سێت ئەپ کراوە ئەویش ئەوەیە هەمیشە روکارێك دێت و پێم دەڵێت کە کلیلەکەی بلاك لیست کراوە؟ تکایە یارمەتیم بدەن چۆن چاکی بکەم؟**

وەڵام: ئەنتی ڤایرۆسی کاسپەرسکای بەوە ناسراوە زوو زوو ئەو کلیلەی کە ئەکتیڤی دەکات و خەڵك بە نایاسایی بەکاری دەهێنن بلاك لیسی دەکات، کارەکە زۆر بەئاسانی دەکرێت و لە سایتی سی فۆر کورد کلیلێکی تازە دانراوە و دەتوانیت بە ئاسانی دای بنێیت و ئیتر ئەنتی ڤایرۆسەکەت بە ئاسانی ئەپدەیت دەبێت و کێشەت نامێنێت. بۆ ئەم مەبەستە کلیك لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە بکە:

www.c4kurd.com/hawal/?Lapara=144

**پرسیار (یاسین محمد) : چۆن بزانم ئەو کۆمپیوتەرەم سلیرۆنە یان پەنتیومە؟ یاخود چۆن بزانم خێراییەکەی چەند؟**

وەڵام: زۆر ڕێگە هەیە بۆ زانینی زانیاری تەواوی کۆمپیوتەرەکەت. بەرنامەی تایبەت هەیە ئەو کارەت بۆ دەکات، بەڵام بۆ وەڵامی پرسیارەکەی تۆ ئەوە بە هەنگاوێکی سادەو ئاسان کارەکەت بۆ جێبەجێ دەبێت. ئەویش بە رایت کلیك کردن لەسەر My computer ی سەر دیسکتۆپی کۆمپیوتەرەکەت روکارێکت بۆ دەردەچێت و لەوێدا وەڵامی ئەو پرسیارانەی تۆی تێدایەو نوسراوە کە خێرایی و سلیرۆنە یاخود پەنتیومە، جگە لەوەش کە پێت دەڵێت رامەکەت چەندە.

**پرسیار (شیرین علی) : دەمەوێت یاری بە کۆمپیوتەرەکەم بکەم و لە بازار بۆ کرینی سیدی یاری پێم دەڵێن کارتی شاشەکەت چەندە؟ ئایا مەبەستیان چیەو چۆن بزانم کارتی شاشەکەم چەندە؟**

وەڵام: کارتی شاشە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر ئیش پێکردنی یاری، هەتا کارتی شاشەکەت زیاتر بێت ئەوە بە ئاسانترو بێ جامکردن کۆمپیوتەرەکەت یاری پێ دەکرێت. بۆ زانینی کارتی شاشەکەت سەرەتا لەسەر دیسك تۆپ رایت کلیك بکە ئەو کۆتا دانەیان هەڵبژێرە کە نوسراوە properties دوای ئەوە بەشی Settings و لەوێش لە خوارەوە نوسراوە Advanced و لەوێش Adapter هەڵبژێرە، لەوێدا نوسراوە Memory Size و قەبارەی کارتی شاشەکەت لەوێدا نوسراوە کە چەند مێگایە.

سی فۆر کورد
هەفتەنامەیەکی ئەهلیە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان

خاوەنی ئیمتیاز:
شێخ فاتح ئیبراهیم

سەرنوسەر:
هێمن فاتح
مۆبایل: 07504562693
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنوسەر:
هەردەوان نەقشبەندی
مۆبایل: 07504461340
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:
حازم حەمەد جاف
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و ڕەخنەکانتان:
ئیمەیل: np@c4kurd.com

ئاگاداری خوێنەرانی سی فۆر کورد لە سلێمانی و دەوروبەری دەکەینەوە کە بۆ ئیشتراک کردن و ناردنی بابەت و هەر کارێکی تایبەت بە هەفتەنامەکەمانەوە لەو دەڤەرە دەتوانن پەیوەندی بکەن بە:
- محەمەد ئەبوبەکر تۆفیق
- زانکۆی سلێمانی
ژمارەی مۆبایل: ٠٧٧٠١٩٨٩٤٩٥

# سایتێک قۆناغ بە قۆناغی ژیانی منداڵەکەت ئامۆژگاریت دەکات



■ ئەم سایتە ڕەنگە بۆ ئەو کەسانە زۆر گرنگ بێت کە منداڵی یەکەمیان هەیە چونکە شتێکی تازەیە لە ژیانیانداو ڕەنگە حەز بکەن قۆناغ بە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵەکەیان بزانن چی پێویستە فێری بکەن و لەگەڵیدا ڕەفتار بکەن. سایتی www. raisingchildren.net.au سایتێکی زۆر بەهێزە بۆ شێوەی بەخێوکردنی منداڵەکەت لەو کاتەی کە لە دایك دەبێت تا ئەو کاتەی دەچێتە قوتابخانەوە دەگاتە تەمەنی ٨ ساڵان.

زۆر بە وردی باسی ئەو پێداویستیانەی منداڵ هەر لە جل و بەرگ تا کاردانەوەی دەروونی منداڵەکەت دەکات. بۆ نمونە بە وردی باسی ئەوە دەکات کە چۆن وا لە منداڵەکەت بکەیت حەز لە چونە حەمام بکات و تێگەیشتن لە منداڵەکە لەکاتی گریانی و حەز نەکردنی لە حەمام.

کاتێکیش باسی تەمەنی سێ مانگیت بۆ دەکات تا ساڵێك ئەوە ئاگادارت دەکاتەوە چ جۆرە خواردنێك بۆ منداڵەکە باشەو چۆن ئاگاداری بیت لە کەوتنی ئەو کاریگەریانەی لە منداڵەکە ڕوودەدات لەکاتی دان دەرهاتنی. بەم شێوەیە لەگەڵت بەردەوام دەبێت تا منداڵەکەت دەچێتە قوتابخانەو تەمەنی لە هەشت ساڵان تێ دەپەڕێت.

# وا بکە لە ویندۆزەکەت هەر شتێکت ویست بۆت بخوێنێتەوە

■ سیستەمی کارکردنی ویندۆز کە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دروستی کردوە لەوەتەی یەکەم ڤێرژنی و تا ئێستا بە بەهێزترین سیستەم دانراوە، بە ویندۆزی ئێکس پیدا بەرنامەیەکی زۆر باش هەیە بۆ خوێندنەوەی ئەو نوسینەی لە ۆردا دەینوسیت، جگە لەوەی کلیك بکەیتە سەر هەر بەشێکی کۆمپیوتەرەکەت بۆت دەخوێنێتەوە و ئاسانکاریەکیشە بۆ ئەوانەی فۆنەتیکی ئینگلیزی نازانن، ئەم کردارە هەڵدەستێ بە خوێندنەوەی هەر شتێك ئەنجامی بدەی، بۆ نمونە بمانەوێت لە پرۆگرامی ۆرد شتێك بنووسین لەگەڵ نوسینەکە بۆشمان دەخوێنێتەوە با بەیەکەوە ئەم کردارە ئەنجام بدەین و لەم نهێنیەی ویندۆز بگەین:




سەرەتا کلیك لە سەر start دەکەین و دواتر بەشی run هەڵدەبژێرین و دیاری دەکەین لە run ئەم وشەیەیە دەنوسین narrator و پەنجەرەیەکمان نیشان دەدات چەند هەڵبژاردنێکی تیایە گشت ئەو بەشانە دیاری دەکەین وەکو لەو وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوەو دیارە. دوای ئەوە کلیك لەسەر هەر شتێك بکەیت بۆت دەخوێنێتەوە، یاخود لە ناو ۆرد هەر شتێك بنوسێت ڕاستەوخۆ ئەو بۆت دەخوێنێەوە. جگە لەوەی بە کلیك کردن لەسەر Voice دەتوانیت دەستکاری دەنگەکە بکەیت.

**مەهدی هادی ئۆمەربلی**

# ئەگەر ڕقت لە دڵە و شانازی پێوە دەکەیت لێرە ناوت بنوسە




■ لە ژمارەکانی ڕابردووی هەفتەنامەی سی فۆر کورد باسی سایتی facebook مان کرد کە چۆن دروست بوەو زیاتر لە ٤٠ ملیۆن ئەندامی هەیە. کاری سایتی facebook پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیدا کردنی هاوڕێیەز لەبەرامبەر ئەمە چەند هاولاتیەکی ئەڵمانی هەستاون بە دروستکردنی سایتێك بە هەمان شێوەی سایتی فەیس بوك بەڵام ناویان لێ ناوە www.hatebook.org تایبەت بە ڕق لێ بونەوەو کۆکردنەوەی هەموو ڕق لە دڵەکانی جیهان. وەکو فەیس بوك دەبیتە ئەندام و لە جیاتی لیستی هاوڕێکانت هەبێت لیستی دوژمنەکانت هەیەو کارت ئەوەیە ئیهانە و قسەی ناشرین بە کەسەکانی تر بڵێیت، جگە لەوەی کاتێك دەتەوێت ببیتە ئەندام دەبێت نازناوێکی وەکو ڕقاوی، حاقد، هیچ و پوچ، دۆڕاو، ترسنۆك و زۆری تر هەڵبژێریت. بەڵام هەڵبژاردنی کارو پیشەت ئەمانە دەبێت هەڵبژێریت: دۆڕاو لە ئیشدا، ترسێنەر، بازرگانی مادە بێ هۆشکەرەکان، سەرۆکی مافیاکان. بەڵام ئاگاداربن ئامۆژگاریتان ناکەین ببنە ئەندام :).

## دوا کلیک

# وریابە کۆمپیوتەرەکەت تێک نەچێت!

**باوکی هێڤار**

■ زۆرێکمان حەزمان لە کۆمپیوتەرە، ڕەنگیشە باشتر بڵێین هەمومان حەزمان لە فێربونی کۆمپیوتەرە. بەڵام ئەوانەی بە تەمەنن دەڵێن ئێمە هیچ .. با منداڵانمان فێر بن. ڕاستە با منداڵان فێر بن، بەڵام دەبێت چۆن فێربن؟ یاخود باشتر وایە بڵێین باشترین ڕێگا بۆ فێربونی منداڵەکانمان یاخود خۆمان چیە؟ من ئەو تەجروبەی هەمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێگترین ڕێگە بۆ فێر نەبونمان ترساندمانە لە کۆمپیوتەرو ڕستەی « ئاگاداربە کۆمپیوتەرەکە تێك نەچێت».

ئەمە خراپترین ڕێگرە بۆ فێربونمان لە کۆمپیوتەر، زۆر کەس هەیە کۆمپیوتەری کڕیوە لە ماڵەوە بە شەرو فەرتە دەیەڵێت منداڵەکانی بچنە سەری، هەموو کات قەوانێك لێ دەدات : ئاگاداربن پارەی زۆرمان پێداوە با تێك نەچێت. وریابە دەستکاری زۆر شت نەکەیت نەوەکو کۆمپیوتەرەکەمان تێك بچێت. هەتا شتێك نەزانیت دەستکاری نەکەیت. لە خۆتەوە کلیك نەکەیت... ئەی چی بکەم؟؟ ئەی چۆن فێربم؟ ئەی ئەگەر بزانم ئەو شتە چیە ئیتر کلیکم بۆچیە ؟! من کاتێك شتێك نەزانم کلیکی لەسەر دەکەم تاکو بزانم چیە؟

بۆیە تکام لە هەموان وایە بیر لە تێك چونی کۆمپیوتەر نەکەنەوە چونکە (کۆمپیوتەر تێك ناچێت) ئەگەر ئەوە دروشمان بێت بۆ فێربونی کۆمپیوتەر ئەوە گرنتیتان دەدەمێ هەمووتان فێر دەبن.

حەز ئەکەم ئەوە ڕوون بێت کە کۆمپیوتەر وەکو تەلەفزیۆن و غەسالەو تەسجیل و ڕادیۆکەتان نیە. کۆمپیوتەر لە دوو بەش پێك هاتوە یەکێکیان ئامێرەکانە کە ئەوە درەنگ تێك دەچێت و ئەوی تریان بەرنامەکانیانە. ئەوەی کە تێك دەچێت لەکاتی کارکردنمان لەسەری بەرنامەکانە، تێك چونی بەرنامەکانیش کارێکی وا گران نیەو بترسین لێی. بە تەنها کاتژمێرێك کۆمپیوتەرەکەت وەکو خۆی لێ دێتەوە. بۆیە تکایە مەترسن لە تێك چونی. کاتێك کۆمپیوتەرەکەت هەڵکرد و شاشەیەکی ڕەش هات، مەترسە ئەوە تەنها بەرنامەکانی تێك چوەو ببیە بازار بە کاتژمێرێك بۆت وەکو خۆی لێ دەکەنەوە. بۆیە هەر چی دەتوانیت لەسەری کار بکەو مەلێ گەرم بوە. کۆمپیوتەر بۆ ئەوە کراوە ٢٤ کاتژمێر کار بکات نەك تەنها کاتژمێرێك دوای نانی ئێوارە.

# سایتێکی تایبەت بە فێرکردنی نوسین

سایتی ئەلفو بێ www.alfube.com سایتێکی ئەدەبی فێرکاری نوێ یە بۆ فێرکردن و بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆك و ڕەخنەکانتان. ئەم سایتە چەند کەسێکی پسپۆر لە بواری ئەدەبی کوردیدا بەڕێوەی دەبەن و دەتوانن چیرۆك و بابەتەکانتان بنێرن هەڵی دەسەنگێنن و یارمەتیتان دەدەن بۆ باشتر کردن پەرەو پێشبردنی ئاستی ئەدەبیتان.

بەڕێوەبەرانی ئەم سایتە ئەم کارەیان بە پرۆژەیەك ناو دەبەن کە یارمەتی کەسانی سەرەتایی بدەن و دەست گرۆییان بکەن بۆ شارەزاکردنی کەسانی ئارەزوومەند بە بوارەکانی نوسینی شیعرو چیرۆك و ڕەخنە و تویژینەوەی ئەدەبی. بە سەردانکردن و ناردنی بابەت بۆی سودمەند دەبن.

هەفتەنامەی (سی فۆر کورد) ئامادەیە ڕێکلامەکانتان لە ڕووپەڕی لاپەڕەکانیدا بڵاوبکاتەوە بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن
بەم ژمارە مۆبایلە: 07504664288 یاخود سەردانی ئەم لینکە بکەن: www.c4kurd.com/reklam.pdf

C4kurd GROUP
www.c4kurdgroup.com
دابین کردن و دروست کردنی سایت
ئەگەر دەتەوێت سایتێکی باش و قەبارە گەورەو هەرزان و خێرات دەست بکەوێت..
ئەگەر دەتەوێت سایتەکەت بە شێوازێکی پێشکەوتوو دروست بکرێت..
ئەگەر دەتەوێت فەرمانگەکەت، کۆمپانیاکەت، ڕۆژنامەکەت، گۆڤارەکەت، ڕێکخراوەکەت ... هتد
ببێتە خاوەنی سایتێک کە زۆر بە ئاسانی بابەتی بۆ زیاد بکرێت و پێویستی بە ماندووبون نەکات
ئەوا پەلە بکە و پەیوەندیمان پێوە بکە:
تەنها 150 دۆلار بۆ ساڵێک
170 گیگا بایت
3300 ئیمەیل
2000 گیگا بایت باندویدس
0750 4562693 hemn@c4kurd.com
0750 4664288 hazimjaf@c4kurd.com
0750 4461340 harda@c4kurd.com
دروست کردنی سایت بە پرۆگرامسازی پێشکەوتوو، بە نرخێکی گونجاو بە زمانی PHP

www.c4kurd.com